دێمۆکراسی بۆ ئێران        خودموختاری بۆ کوردستان

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

۲۹ی ڕەشەمەی ۱۳۸۱ | ۲۰ی مارسی ۲۰۰۳ | ژمارە ۳٦۱ | ۱۵۰ تمەن

## نــەورۆزو ســاڵی تــازەتان پیــرۆز

نەورۆز جێژنی لەمێژینەی کوردانو گەلانی ئێران بەڕێوەیە. لە سبەینێ ڕا پێ دەنێینە نێو ساڵی تازە، ساڵی ۱۳۸۲ی هەتاویو ساڵی ۱۳۸۱ بە هەموو بیرەوەرییە خۆشو ناخۆشەکانی ماڵاواییمان لیٚ دەکا.

لە ساڵی ۱۳۸۱یشدا، ستەمو سەرکوتو چەوساندنەوەو بێمافی، ئەو بەڵا نەکبەتی‌یانەی بەشێکی جیانەکراوە لە نێوەرۆکو دەسەڵاتی جەهەننەمیی کۆماری ئیسلامین، بۆ ساتێك ئەمانیان بە خەڵکی وڵاتەکەمان نەداو نەیانهێشت هاونیشتمانمان چێژو خۆشی لە ژیان وەربگرن. بەوحاڵەش، ساڵێك کە ڕابرد بۆ خەڵکی ئێران، ساڵێکی گرنگو، بۆ کۆماری ئیسلامیی ساڵێکی یەکجار تاڵ بوو. چونکە چەندین جارو، جار لەگەڵ جارێ بە شێوەیەکی بەرینتر، بەو ڕێژیمەیان نیشان دا، کە لە تەواوەتیی خۆیدا، لێی بێزارنو بڕیاریان داوە بە هەموو دەستەو قۆڵو تاقمەکانیەوە، بیخەنە نێو زبڵدانی مێژوو.

**بە ئاواتی وەدیهاتنی ئەم بڕیارەی خەڵکی وڵاتەکەمان لە ساڵی تازەدا، پیرۆزبایی نەورۆزو بەهارو ساڵی تازەیان لیٚ دەکەین.**

دەستەی نووسەرانو کارگێڕانی "کوردستان"

# دیفاع لە ئازادیی ژنانو بەرابەریی مافی ژنو پیاو بۆ حیزبی دێمۆکرات، هەم وەفایە بەئامانجەکانی، هەم وەفایە بەرامبەر دامەزرێنەرانیو ڕێبەرانی شەهیدی






### بە بۆنەی پەنجاو حەوتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە

دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمە، لە پەنجاو حەوتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، ڕێوڕەسمێکی بەرین بە بەشداریی سەدان کەس لە ژنانو کچانی دێموکراتو ئەندامانی دەفتەری سیاسیو کۆمیتەی ناوەندیی حیزبو ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەرانی حیزب بەڕێوە چوو. لەو ڕێوڕەسمەدا کە لە لایەن کۆمیتەی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتەوە پێك هاتبوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات لە سەر گرنگیی دامەزرانی ئەو یەکیەتی‌یە لە ٥٧ ساڵ لەمەو پێش‌داو باوەڕی حیزبی دێموکراتو ڕێبەرانی بە مافو ئازادی‌یەکانی ژنان، وتارێکی پێشکەش کرد. دەقی وتاری هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەنزادە هەر لەم ژمارەیەی "کوردستان"دا خراوەتە بەرچاوی خوێنەران.

لە درێژەی بەرنامەکاندا هاوڕێی بەڕێز جەلیل گادانی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو بەرپرسی بنیاتی پشتیوانی لە ڕێکخراوە سینفیو دێموکراتی‌یەکان لە سەر گرنگیی مەسەلەی ژنان بۆ بەشداران دوا. دواتر هاوڕێ عیسمەت نستانی بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات لە بارەی گرنگیی ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمەو چۆنیەتیی پێکهاتنی ئەو یەکیەتی‌یە قسەی کرد. لە ڕێوڕەسمی پەنجاو حەوتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژناندا، هەروەها کۆمەڵێك بەرنامەی هونەری بریتی لە سروود، گۆرانیو شانۆ، هەڵپەڕکێی جۆراوجۆرو شێعرو پەخشانی ئەدەبی لەلایەن ژنان و کچانی خاوەن بەهرەوەو بە هاوکاریو بەشداریی کوڕانی هونەرمەندودەنگخۆش پێشکەش کرا. بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش پەیامی پیرۆزبایی بەم بۆنەیەوە خوێندەوە.

۲

### جۆرج واکێر بووش



ڕۆژی پێنج شەممە ١٣ی مارس (٢٢ی ڕەشەمە)، سەرکۆماری ئەمریکا لە وتارێکدا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی بە هەڕەشەیەکی تایبەتیو نائاسایی ناوبرد.

## کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڕەشەیەکی نائاساییو تاییەتی

جۆرج واکێر بووش، گەمارۆکانی ئەمریکا لە دژی ئێرانی بۆ ماوەی ساڵێکی دیکە نوێ کردەوە. گەمارۆ ئابووری‌یەکانی ئەمریکا دژی ئێران کە بۆ یەکەم جار لە ١٥ی مارسی ١٩٩٥داو لەلایەن بیل کلینتۆن سەرکۆماری پێشووی ئەمریکاوە ڕاگەیەندران، تا ئێستا هەموو ساڵێ نوێ کراونەوە. بە گوێرەی ئەو گەمارۆیانە، کۆمپانیا ئەمریکایی‌یەکانو دانیشتووانی ئەو وڵاتە، مافی ئەوەیان نیە هیچ جۆرە موعامەلەیەکی نەوتییان لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا هەبێ.

### کالین پاول: لە پەرەگرتنی بەرنامە ئەتومی‌یەکانی ئێران بە ڕاستی دەترسێین



کالین پاول وزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا لە وتارێکدا کە ڕۆژی پێنج شەممە ٢٢ی رشەمە پێشکێشی کۆنگرەی ئەو وڵاتەی کرد، نیگەرانیی خۆی لە پەرەگرتنی بەرنامە ئەتومی‌یەکانی ئێران ڕاگەیاند. ناوبراو پاش ئاماژە بەو زانیاری‌یە تازانەی کە دوای سەردانی لێکۆلەرانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سایتە نهێنی‌یەکانی ئێران، بڵاو بوونەوە، گوتی: "ئێمە بۆمان دەرکەوتوە کە دامەزراوە ئەتومی‌یەکانی ئێران زۆر لەوە بەهێزترن کە خەڵك بیری لیٚ دەکەنەوە، یا دەیانەوێ بە ئێمەی نیشان بدەن". پاول هەروەها گوتی: "هەموو بە گومانەوە دەیانڕوانیە ئێمەو [پێیان وابوو] نەدەبوو بەو ڕێگایەدا بڕۆین. بەڵام ئێستا بە ڕاستی نیگەرانینو دەترسێین. کاتێك ئێوە تا ئێستاش پشتیوانیی ئەوان لە ڕێکخراوە تیرۆریستی‌یەکانی لوبنانو شوێنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە چاوی خۆتان دەبینن، دەبێ بڕوا بکەن کە نیگەرانیی ئێمە لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا، لە جێی خۆی دایە."

### ئاوێتەبوونی ئاوی خواردنەوەی شاری سنە بە ماددەی شیمیاییوکەمتەرخەمیو بێموبالاتیی کاربەدەستان

ڕۆژی ١٥ی ڕەشەمە تانکێرێکی پڕ لە ماددەی شیمیایی کە بە گوێرەی هەواڵەکان بارەکەی لە بەندەری شا (بەندەری خومەینیی ئێستا)وە بۆ کارخانەی پێتروشیمیی تەورێز رادەگوێزت، لە کلیومیتری ١٠ی ڕێگای سنە ـ سەقز لە نزیك گوندی "عەباس ئاوا" وەرگەڕاو سەدی ٧٠ی مادده شیمیایی‌یەکە، رژایە نێو سەدی قشلاق کە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی خەڵکی شاری سنەیە.

کاربەدەستانی ڕێژیم لە شاری سنەو ئوستانداریی کوردستان، نەك هەر بە خێرایی خەڵکیان لەو ڕووداوە ئاگادار نەکردو هەوڵیان نەدا. هەنگاوی پێویست بۆ کەمکردنەوەی زیانو شوێنەوارەکانی ئەو ڕووداوە هەڵ بگرن، بەڵکوو تێ‌کۆشان سەرپۆش لەسەر ڕووداوەکە دابنێن. بەڵام ئەو کارەساتە لەلایەن خەڵکی وشیارو ئاگای شاری سنەوە لە قاو دراو سەرنجی ڕاگەیەنەکانی نێوخۆو دەرەوەی بۆ لای ڕاکێشرا. ئێستا شانبەشانی زیادبوونی نیگەرانیی خەڵکی ئەو شارە لە ئاکامەکانی مەسرەفی ئەو ئاوە بۆ ماوەی چەند ڕۆژ، تووڕەییو ئیعترازی ئەوان بەرامبەر بە بێموبالاتیی کاربەدەستانو شاردنەوەی ڕاستی‌یەکە لەوان، تا دێ زیاد دەکا.


خەڵکی سنە هەر لەو کاتەدا کە بۆ پەیداکردنی ئاوی خاوێن لەگەڵ گیروگرفت بەرەوروون، کاربەدەستانیان بە مەبەستی ناساندنی کەسانی کەمتەرخەم لە بەرامبەر سلامەتیو چارەنووسی ئەواندا، خستۆتە ژێر فشار.

## هەوڵدان بە مەبەستی پێشگیری لە هاتنی ئەرتەشی تورکیە بۆ کوردستانی عێراق

دوابە دوای بەڕێوەچوونی چەندین خۆپێشاندانی گەورە لە شارەکانی کوردستانی عێراق، زنجیرەیەك کۆڕوکۆبوونەوەو حەرەکەتی ئیعترازی لە ئورووپا، ئەمریکا، کاناداو ئوستراڵیاش بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بە ئەگەری هاتنی ئەرتەشی تورکیە بۆ نێو خاکی کوردستانی عێراق بەڕێوە چوون.

هەر بۆ پێشگیری لە وەدیهاتنی ئەو ئەگەرە، هەیئەتێکی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز جەلال تاڵەبانیو هەیئەتێکی پارتی دێموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز نێچیروان بارزانی لە کۆتایی مانگی رەشەممەدا چوونە تورکیە تا لە ڕێگای وتووێژ لە گەڵ کاربەدەستانی تورکیە، نەهێڵن ئەرتەشی ئەو وڵاتە بێتە کوردستانی عێراق. لەو کۆبوونەوانەدا زەلمی خەلیلزاد نوێنەری تایبەتیی ئەمریکاش بەشدار بوو. بیانووی دەوڵەتی تورکیە بۆ هاتن، نیگەرانی لە پێکهاتنی دەوڵەتێکی کوردو جوێبوونەوەی کوردستان وەك وڵاتێکی سەربەخۆیە، ئەمەش ئیددیعایەکە کە بە دەیان جار لە لایەن کوردەکانەوە وەدرۆ خراوەتەوە.

## داواکردنی ڕێفراندۆم بە مەبەستی دیاریکردنی جۆری نیزام لە ئێراندا



لە نامەیەکی سەر ئاوەڵادا، عەبباس ئەمیر ئینتیزام، داواکار بوو ڕێفراندۆم بە مەبەستی دیاریکردنی جۆری نیزام لە ئێران لەژێر چاوەدێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بەڕێوە بچێ.

لە نێو تێکۆشەرانی نێوخۆی ئێراندا، ئەمیر ئینتیزام یەکەم کەسە کە داوا دەکا ڕێفراندۆم بە مەبەستی دیاریکردنی جۆری نیزام بەڕێوە بچێ. ئەوانی دیکە داواکاری بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆم بۆ ڕوون کردنەوەی دەسەڵاتی سەرکۆمار، یا چاوخشاندنەوە بە قانوونی ئەساسی‌دا بوون.

عەبباس ئەمیر ئینتیزام گوتە بێژی یەکەم کابینەی کۆماری ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی مێهدی بازرگان بوو، بەڵام ڕێبەرانی ڕێژیم بە بیانووی بەستراوەیی بە بێگانە خستیانە زیندان. ئەمیر ئینتیزام ٢٢ ساڵ لە زینداندا مایەوەو وەك کۆنترین زیندانیی سیاسیی لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی‌دا ناوی دەرکرد. ئەو لە زیندانیشدا، سەرەڕای نەخۆشیو لە دەستدانی چەندین ئەندامی لەش، دەستی لە لەقاودانی نێوەرۆکی جینایەتکارانەو دژی ئینسانیی ئەو ڕێژیمە هەڵنەگرت.


پێویستیی لێك نزیك بوونەوەو هاوکاریی زیاتر لەنێوان ڕێکخراوەکانی ئۆپوزیسیونی کورددا ۳

بۆچوونەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لەبارەی کوردستانی ئێرانەوە لە میزگردێکدا ٤

نەورۆز هێمای بەرەنگاری لەگەڵ کۆنەپەرستی ٥

سەرکوتی توندوتیژو بەرەنگار بوونەوەی ڕەوا ۹

لەبارەی لەقاودانەکانی ڕەفسەنجانیو خاتەمی‌یەوە ۱۰

گەلاڵەی خەڕازی، ڕێفراندۆم بۆ وڵاتی دراوسێ ۱۰

توندوتیژی لە دژی ژنان لە کۆبوونەوەیەکدا ۱۱




# دەقی قسەکانی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن‌زادە لە ڕێورەسمی ٢٤ی ڕەشەمە سالڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان‌دا

هاوڕێیانی خۆشەویست!

ئەندامانی دەفتەری سیاسیو کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران!

خوشکانی ئەندام لە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا!

میوانە بەڕێزەکان!

هاوڕێیانی خۆشەویست!


بە خۆشیو شانازی دەزانم لە جیاتی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی تێپەڕینی پەنجاو حەوت ساڵ بە سەر دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا، گەرمترین پیرۆزبایی لە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان، لە هەموو ژنانی کوردستان، هەروەها لە هەموو ژنانی ئێرانو سەرتاسەری جیهان بکەم.

موناسبەتێکی جالیبە کە ئێستا دەقیقەن پەنجاو حەوت ساڵ بە سەر دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا رادەبرێ، چونکە کۆبوونەوەیەك کە لەوێدا ئیعلانی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران کراوە، ڕاست لە ڕۆژی ٢٤ی ڕەشەمەو لە سەعاتی سێی دوانیوەڕۆیەدا بووە. دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە خۆیدا بە تایبەتی کە بگەڕێینەوە بۆ هەلومەرجی ئەو زەمانەی کە تێیدا دامەزراوە، دەسکەوتێکی گەورەیەو نیشانەی وشیاریو وریایی ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو لە سەرووی هەموویانەوە پێشەوای شەهید قازی محەممەدە. بەڵام ئەگەر دیققەت لەوەی دەکەین کە کەمتر لە حەوت مانگ دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانو تەنیا پەنجاو دوو ڕۆژ دوای دامەزرانی کۆماری کوردستان ئەو ڕووداوە تاریخییە ڕووی داوە، ئەو وەختی گەورەییو مەزنیو بەرینیی بیرو فکرو ئەندێشەی قازی محەممەدو هاوڕێکانیمان زیاتر بۆ دەردەکەوێ. ئەو شتانە بۆ ئێستای ئێمە ڕەنگە شتێکی زۆر تەبیعیو زۆر ئاسایی بن، بەڵام کە بگەڕێینەوە بۆ پەنجاو حەوت ساڵ لەمەوبەرو کۆمەڵی دواکەوتووی ئێرانو کوردستانو هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێنینەوە بەرچاو، ئەو وەختی دەبینین ئەوە چ ئیقدامێکی گەورەو تەنانەت چ سوننەت شکێنییەکیشە. هەر بۆیەشە قازی محەممەد بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان هان بدا بۆ ئەو کارەو خەڵك وا ئیحساس نەکەن کە ژنەکانیان کارێکی خراپ دەکەن، لە پێشدا خانەوادەی خۆی هان دەدا بۆ ئەوەی لە یەکیەتیی ژناندا بەشدار بنو هەر وەك دەزانین خێزانی دەبێتە بەرپرسی یەکەمی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران. ئەمە بۆ ئێمە تێکۆشەرانی دێموکرات مانا و مەفهوومی خۆی هەیە. تێمان دەگەیەنێ کە ئێمە چ ئەرکێکی قورسمان لە سەرە. ئەمە هەم وەزیفە بۆ حیزبەکەمان دادەنێ، هەم بۆ ئێمە ژنانو پیاوانی دێموکرات بە تایبەتی بۆ پیاوەکان.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەتوانین بڵێین بە شانازییەوە ئەو ئەرکەی بە جێ‌هێناوە کە لەو پێناوەدا لە سەریەتی. چونکە ئەگەر لە ڕۆژێکی وەك ئەوڕۆ، لە پەنجاو حەوت ساڵ بەر لە ئێستادا یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان وەکوو ڕێکخراوێك دامەزراوەو ئەو وەختی خاوەنی هیچ بەرنامەیەکی ڕێكو پێك نەبووە، ئەمڕۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان دیفاع لە ئازادیی ژنانو لە بەرابەری مافی ژنو پیاوی کردۆتە بەندێکی هەرە گرنگی بەرنامەی خۆی. بە کۆمەکی حیزبی دێموکراتو بە هاندانی حیزبی دێموکرات، ئێستا یەکیەتیی ژنانیش ئیدی خاوەنی بەرنامەو مەرامنامەی خۆیەتی، خاوەنی ڕێکخراوی وشیاری خۆیەتی. بەڵام داخوا ئێمە ئەندامانی حیزبی دێموکرات بە تایبەتی دەی‌لێمەوە پیاوەکان لەو پێناوەدا ئەرکی خۆیان بە تەواوی بە جێ هێناوە. لەگەڵ عوزر لە هەمووتانو لە هەموو پیاوانی دێموکرات دەبێ بڵێم ئێمە ئەوەی لە سەرمانە هەموومان بە جێ نەهێناوە. ڕاستە ئەوەی کە لە تەئمینی مافو ئازادییەکانی ژناندا کردوومانە، جێی شانازییە. حیزبی دێموکرات لەو پێناوەدا ڕەنگە لە هیچ حیزبێکی کوردستانیو ئێرانی لە پاشتر نەبێ، بەڵام لە جامیعەی کوردەواری، لە جامیعەی دواکەوتوویی و هەژاریو لە جامیعەی جیاوازیدانانی عەشیرەییو جینسیو مەزهەبیوئەوەدا حیزبی دێموکرات ئەرکی زیاتری لە سەر شانە. بۆ ئێمە ئەوە هەم وەفایە بە ئامانجەکانی حیزبمان، هەم وەفایە بە "مؤسس"و دامەزرێنەری گەورەی حیزبەکەمان، هەم وەفایە بە ڕێبەرانی شەهیدمان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی کە هەر دووکیان "مصر" بوون لە سەر ئەوەی کە دەبێ مافی بەرابەری ژنانو پیاوان لە خێزانو لە کۆمەڵدا بە کۆمەکی حیزبی دێموکراتی کوردستان دابین بکرێ.

ئەوە جێی خۆشحاڵییە کە ئەمڕۆ پاش ماوەیەکی زۆر کە یەکیەتیی ژنان نەی‌توانیوە بە پێی هەلومەرجی وڵاتەکەمانو ڕەفتاری حاکمییەتی وڵاتەکەمان تێکۆشانی خۆی هەبێ، ئێستا ئەو تێکۆشانە زیندوو بۆتەوەو یەکیەتیی ژنان بە شێوەیەکی ڕێكو پێك "فعالیت"ی هەیە. هەرچەند زۆر جاری دیکە "نشریه ارگان"ی هەبوە، بەڵام ئێستا جوانترینو ڕێكو پێکترین ئۆرگانی هەیە کە هەم جوان دەردەچێو هەم بە ڕێكو پێکی دەردەچێو پێوەندییەکی بەرینی لەگەڵ ڕێکخراوە سینفییەکانی ژنان لە کوردستانو تەنانەت لە دەرەوەی کوردستانیش دامەزراندوە.بەڵام ئەوە نابێ ڕازیمان بکا، دەبێ لەو پێناوەدا زیاتر بچینە پێشێ.

ژنانی کورد لە کوردستانی ئێراندا ئەگەر بۆیان نەلواوە لە "فعالیت صنفی"ی خۆیاندا زۆر خۆ بنوێنن، لە تێکۆشان بۆ ئازادیی گەلەکەیاندا بە هیچ جۆر ناکرێ نەقشیان لە نەقشی پیاوان بە کەمتر دابنرێ. بۆیە تێکۆشان بۆ وەدەسهێنانی مافی ژنان بە تەنیا وەك توێژێك لە کۆمەڵ زۆر پڕ ڕەنگ نەبوە، چونکە ئەوە ئیحتیاجی بە زەمینەیەکی لەبارتر هەیە، بە هەلومەرجێکی ئارامتر هەیە کە ژنان یا لاوان یا مامۆستایان یا کرێکاران یا جووتیاران بتوانن "فعالیت صنفی"ی خۆیان بکەن، بەڵام ژنانی کورد ئەو حەقیقەتەیان بۆ دەرکەوتوە کە ئازادیی ژن، ئازادیی کرێکاران، ئازادیی جووتیاران، ئازادیی لاوان، ئازادیی هەموو چینو توێژەکانی کۆمەڵ لە گرەوی ئازادیی میللەتەکە دایە. بۆیە لەو پێناوەدا ژنان لە کوردستانی ئێران "لیاقت"یان لە خۆیان نیشان داوە. باسی ئەوە ناکەین کە هەرچی پیاوەکان کردوویانە، لە بەشێکیدا "مرهون"ی منەتو زەحمەتی ژنەکانە، ئەوان پێیان گەیاندووین، ئەوان زەحمەتی ئیدارەی ماڵو منداڵی پێشمەرگەکانو کادرەکانی حیزبیان لە سەر شانی خۆیان داناوەو لە جیاتی پیاوەکان ئەو وەزیفەیەیان بە ئەنجام گەیاندوە. باسی ئەوە ناکەین کە وەختێکی ئێمە دەرگیری خەباتێکی چەکدارانە بووین، هەمیشە کڵاو و گۆرەویو پێداویستییەکانی بڵێین زستان، ژنانی کورد بە دەستە ڕەنگینەکانی خۆیان



تەئمینیان کردوە. باسی ئەوە ناکەین کە زۆرجار پێشمەرگە لە سەنگەردا لە نێو ئاورو ئاسندا چای گەرمو دۆی ساردی لە تەرەف خوشکە هاوسەنگەرەکانیەوە بۆ چووە. هەر باسی ئەوەی دەکەین کە ئەوانیش وەکوو مە بەشدار بوون وەك پێشمەرگە. حیزبی دێموکراتی کوردستان بە دەیانو سەدان تێکۆشەری ژنی هەیە کە بە داخەوە بەشێکی زۆر لەوانەش چوونە ریزی کاروانی شەهیدانەوە. کەوابوو لەو بارەشەوە حیزبەکەمانو میللەتەکەمان دەبێ ئەمەگی ژنانیان لە چاو دابێ.

ئەمڕۆ لە وڵاتی مەدا (هەموومان دەزانین)، حکوومەتێك لە سەر کارە کە موخالیفی مافو ئازادییەکانی ژنانە. دەتوانین پێی بڵێین "ژن دوژمن"ە، بەڵام ژنانی ئێران ئەمڕۆ "ثابت"یان کردوە لە خەبات دژی ئەو ڕێژیمەدا، لە خەبات بۆ وەدیهێنانی مافو ئازادییەکانی خۆیانداو لەوەش زیاتر لە خەبات بۆ ڕزگاریی سەرانسەری ئێراندا نەقشی زۆر بەرچاویان هەیە، تەنانەت زۆرجار نەقشیان لە نەقشی پیاوانیش زیاترە.

ئێمە هیوادارین، دڵنیاشین کە ژنانی کورد لەو خەباتە سەربەرزانەیەشدا لە ژنانی دیکەی ئێران بە هیچ جۆر دوا ناکەون. بە تایبەتی کە ژنانی کورد هەم ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان هەیەو هەم لە عەینی حاڵدا حیزبی دێموکراتی کوردستانیش وەکوو حیزبێکی سیاسی لە پشتیان ڕاوەستاوە.حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە هەموو بارێکەوە بە ئەرکی خۆی دەزانێ کە لە پێ‌گەیاندنو بەرەو پێش بردنی خەباتی ژناندا هاوکاری بکا بە جۆرێك کە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو مافو ئازادییانە کە بۆ ژنان پێویستە دابین بن، دابین بکرێن. هیوای مە ئەوەیە کە پیاوانی ئازادیخوازیش لە نێو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە نێو هەموو کۆمەڵی کوردەواریدا ئەو ئەسڵە دەرك بکەن کە هەروەك لە شوعارەکەی ژناندا هاتوە: "ئازادی بۆ ژن، بەختیاری بۆ کۆمەڵ"، کۆمەڵێکی بەختەوەر، کۆمەڵێکی پێشکەوتوو بە بێ بەشداریی ژنان لە هەموو مافو ئازادییەکانیان وەدی نایە، بەڵام قەت نابێ ئەو ئەسڵە لە بیر بەرینەوە (بە تایبەتی خوشکەکانمان) کە ئەوەی لەو نێوەدا ئەسڵە، دەبێ پشتی پێ‌ببەستریو حیسابی لە سەر بکرێ، خەباتی خۆیانە. خەباتی ژنان، خەباتە بۆ مافێك کە بۆخۆیان بۆی تێ‌دەکۆشن. خەباتە دژی نابەرابەرییەك کە ئەوان بە ڕەگو پێستەوە هەستی پێ‌دەکەن. هەر لەو کاتەشدا ئێمە دڵنیاین کە خەباتی ژنان خەبات نیە زیددی پیاوان. هیچ پیاوێکی ئاگاو وریاو تێگەیشتوو، خەباتی ژنان بە "مقابله" لەگەڵ خۆی نازانێ. خەباتی ژنان ڕووی لە هێندێك عادات و سوننەتو ڕێوڕەسمی کۆنە کە لە واقیعدا مایەی نەگبەتییە هەم بۆ پیاوان، هەم بۆ ژنانو لە نەتیجەدا بۆ هەمووکۆمەڵ.

پێم خۆشە لێرەدا بە ئیجازەی هەموو ڕێبەرایەتیی حیزب، پشتیوانیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو ڕێکخراوێکیش تەئکید بکەمەوەو دڵنیایان بکەم کە حیزبی دێموکرات لە هەموو ئیمکاناتی خۆی بۆ بەرەو پێش بردنی کارو خەباتو تێکۆشانی وان کەڵك وەردەگرێ.ئارەزووی سەرکەوتنو پێشکەوتن بۆ خەباتی ژنان، بۆ یەکیەتیی ژنانو لەوان بەرینتر بۆ خەباتی ڕزگاریخوازانەی کۆمەڵانی گەلی کوردو بەرفراوانتر لەوەش خەباتی ڕزگاریخوازانەی کۆمەڵی ئێران لە زیددی جمهوریی ئیسلامیو نیزامی دواکەوتووی ئەمڕۆی حاکم بە سەر ئێراندا بە ئاوات دەخوازم. هەر بژین.

***

## درێژەی لاپەرەی یەك

بەڕێز کاك جەلیل گادانی لە سەرەتای وتەکانی‌دا: بە نێوی پشتیوانی لە ڕێکخراوە دێموکراتو سینفییەکان بە بۆنەی دوو ڕۆژی مێژوویی‌تایبەت بە ژنان، ٨ی مارس ڕۆژی جیهانیی ژنو ٥٧مین ساڵڤەگەڕی دامەزرانی یەکەمین پێکهاتەی سینفی ـ سیاسیی ژنانی دێموکرات لە شاری مەهاباد، پیرۆزبایی لە هەموو ژنانی جیهانو ئێرانو بە تایبەت بە بۆنەی ئەو ساڵڤەگەڕە مێژووییەوە پیرۆزبایی لە ژنانی کوردستانو خوشکانی بەڕێزی ئامادە لە ڕێوڕەسمەکەدا کرد.

پاشان بەڕێز کاك جەلیل گوتی: دیرۆك نیشان دەدا کە لە ڕۆژی هەینی ١٣٢٤/١٢/٢٤ لە ئەنجوومەنی فەرهەنگیی شاری مەهابادا ژنانی دێموکراتو بەرپرسانی کۆمارو خوشکانی فەرهەنگی کۆبوونەوەو یەکەم ڕێکخراوی خۆیان پێك هێناو مینا خانمی هاوسەری پێشەوایان بە سەرۆکی ئەو ڕێکخراوەیە هەڵبژارد. حاشا هەڵنەگرە کە ٥٧ ساڵ پێش لە ئێستا لە ٢٤ی ڕەشەمەدا بۆ یەکەم جار لە ژێر سێبەری پڕ لە شانازیی کۆماری کوردستاندا لە کەشوهەوای دێموکراتیکی ئەو سەردەمەدا بە هاندانی پێشەوای نەمر قازی محەممەد یەکەم ڕێکخراوەی ژنانی دێموکراتی کوردستان پێك هات کە وێ دەچێ لەو کاتدا نە تەنیا لە پارچەکانی دیکەی

# ڕێورەسمی ٥٧ ساڵەی دامەزرانی یەکەمین ڕێکخراوی ژنان لە کوردستاندا



کوردستانو بەشەکانی دیکەی ئێران، بەڵکوو لە هیچ شوێنێکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش‌دا وێنەی نەبووبێ.

بەڕێز کاك جەلیل گادانی لە درێژەی وتەکانی‌دا گوتی: "هەرچەند زیاتر لە سەد ساڵە ژنانی جیهان بە کردەوە خەبات دەکەن، بەڵام بە داخەوە ئێستاش سەرەڕای ئەوەی لە ١٨٢ وڵاتی دنیادا لە ١١یاندا ژنان حوکمدارو بەڕێوبەری وڵاتن. نە تەنیا لە وڵاتانی دواکەوتوودا بەڵکوو لە هێندێك وڵاتی پێشکەوتووش نیشانەی غەدر کردن لە ژن زۆرن. ژنی کوردیش سەرەڕای هەموو ئەو بەشمەینەتییەی کە ئێستا بۆ ژنانی ئێران بە گشتی لە گۆڕێ دایە، ستەمی نەتەوەییو فەرهەنگیو ئایینیشی لە سەرە، زۆرجار وەك میللەتەکەی کورد بوونی بۆ بە گوناح نووسراوە، سەدان کیژو ژنی کورد وەك براکانیان بەو بیانوانەوە لە خوێندن، لە دامەزرانو کارکردن بێبەش ماونەوە".



بەڕێز کاك جەلیل گادانی لە کۆتایی قسەکانی‌دا ئیشارەی بەوە کرد کە "ژنانی کوردیش شانبەشانی ژنانی خەباتکاری ئێران کۆڵنەدەرانە هەوڵیان داوەو بە گشتی ئەوەیان بۆ ڕوون بۆتەوە کە لە ژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی‌دا دەرەتانی ئەوەیان نابێو ناتوانن بە ئازادی بە مافەکانیان بگەنو لەو بەندیخانە گەورەیەیەی کە ٢٣ ساڵە تێی کەوتوون ڕزگاریان بێ. هەر بۆیەش بە ڕێنوێنیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانو پشتیوانیی حیزبی خۆشەویستی گەلی کورد لە درێژەدان بە خەبات دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەردەوامنو چالاکانە تێ‌دەکۆشن".

هاوڕێ عیسمەت نستانی، بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات بە بۆنەی ٢٤ی ڕەشەمە ٥٧مین سالڕۆژی دامەزرانی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتەوە گوتی: "یەکیەتیی ژنان لە هەلومەرجێکدا پێك هات کە کۆمەڵی کوردستان لە دەورانی دەرەبەگایەتی‌دا بوو. واتە لە دەورانێکدا کە بە پێی تایبەتمەندییەکانی، ژنانی لە هەموو مافە سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوورییەکان بێبەش دەکرد. بەڵام بەو حاڵەش لە فەزایەکی دێموکراتیکدا کە کۆماری کوردستان پێکی هێنابوو

# بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## دیدار لەگەڵ هەیئەتی ڕێبەرایەتیی ڕێکخراوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستاندا

سەعات ١١ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممۆ ٢ی ڕەشەمەی ١٣٨١ی هەتاوی هەیئەتێکی بەڕێوەبەرایەتیی ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرۆکایەتیی بەڕێز عەبدوڵلا موهتەدی سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی کرد. ئەو هەیئەتە لە لایەن بەڕێز ماموستا عەبدوڵلا حەسەنزادەو ژمارەیەك لە ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتیی حیزبەوە بە گەرمی پێشوازیی لێ‌کرا.

لە دانیشتنێکی چەند ساعەتی‌دا کۆمەڵێك بابەتی پێوەندیدار بە وەزعی ناوچە، ئێرانو کوردستان کەوتنە بەر باس کە هەر دوو هەیئەتی حیزبی دێموکراتو کۆمەڵە ئاڵوگۆڕی بیرو ڕایان لە سەر کرد.

هەروەها لە پێوەندی لەگەڵ نێزیکیو هاوکاریی زیاتری نێوان هەر دوولادا بڕیار درا کە گەڵاڵەی هاوکاری کە زۆر پێشترو پێش "ئینشیعاب" لە کۆمەڵە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشنیار کرابووو پاش ئینشیعابی کۆمەڵەش لە چەند دانیشتنی دواتردا هاتبووە گۆڕێ، بە زوویی لە لایەن ڕێبەرایەتیی کۆمەڵەوە نەزەری لە سەر بدرێو تێبینیی خۆیان بە نووسراوە بدەنەوە بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات، کە هیوادارین ئاکامی باشو بە کەڵکی بۆ جووڵانەوەی کورد لێ بکەوێتەوە. ❋

# پێویستیی لێك نزیکبوونەوەو هاوکاریی زیاتر لە نێوان ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورددا

قادر وریا

زستانی ئەمساڵ پلینۆمی هەشتەمی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێراوی کۆنگرەی دوازدەیەمی حیزب، بە گرنگی پێدانێکی تایبەتی‌یەوە، هەلومەرجی سیاسیی ئەمرۆی ئێران،دوایین ئاڵوگۆڕەکانی پێوەندیدار بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی خەڵکی وڵاتەکەمانو وەزعییەتی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێوخۆو نێونەتەوەیی‌دا هێنایە بەرباس.

پلینۆمی هەشتەم بە سەرنجدان بە کۆمەڵێك ئاڵوگۆڕو دیاردەی گرنگو هیوادەر کە هەموویان نیشانەی بەرەو پێشتر چوونی خەباتی ئازادیخوازیی لە ئێرانداو قووڵتر بوونەوەی دروشمو ویستو داخوازەکانی چینو توێژەکانی بەشدار لەو بزووتنەوەیەدا بوون، هەروەها بە لە بەر چاو گرتنی هەلومەرجی ناوچەو ئەو ئاڵوگۆڕو ڕووداوانەی لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا پێش‌بینی دەکرێن، کۆمەڵێك ئەرکی گرنگو هەنووکەیی کە لەم هەلومەرجەدا کەوتوونەتە سەر شانی حیزبی دێموکراتو ڕێکخراوو لایەنەکانی دیکەی نێو بزووتنەوەی ئازادیخوازیی خەڵکی ئێران، دەست نیشان کردن. یەکێك لەو ئەرکانە پێویستی لێك نزیك بوونەوەو هاوکاریی زیاتر لە نێوان ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە کوردستانی ئێرانە. لە ڕاپۆرتی دەفتەری سیاسی بۆ پلینۆمی هەشتەمی کومیتەی ناوەندی‌دا، لەو بارەوە گوترابوو:

"مەسەلەیەکی گرنگی دیکە چالاکتر کردنی پێوەندیی دیالۆگو وتووێژ لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەی کوردستانی ئێرانە. جێی خۆشحاڵی‌یە کە حیزبی ئێمە لەگەڵ تەواوی ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە ئێراندا پێوەندی‌یەکی دۆستانەی هەیەو لەگەڵ هیچیان ناکۆکیو نێوان ناخۆشیی نیە. بەڵام ئەگەر ئەمە نەکرێتە زەمینەی لێك نزیکبوونەوەیەکی زیاترو ڕێککەوتن لە سەر هێندێ ئامانجو ئوسوولی هاوبەشو هەنگاونانی وێکڕا بۆ وەدیهێنانیان، بەرهەمێکی لێ بە دەست نایە". ڕاپۆرتەکە پاشان چوو بووە سەر مەبەستو ئامانجەکانی ئەم لێك نزیکبوونەوەو ڕێککەوتنەو گوتبووی:

"ڕێککەوتن لەگەڵ هێزە کوردستانی‌یەکان دەبێ هەم بناخەیەك بۆ خەباتی هاوبەش لە پێناوی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە وڵاتدا دابنێ، هەم ڕێوشوێنی ڕوونو جێگای پەسندی هەمووان بۆ هێنانە گۆڕی داخوازەکانی خەڵکی کوردستانی ئێران لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتی‌دا دیاری بکاو هەم بناخەیەك بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەی کوردستان لە هەلومەرجی ڕاگوازتن (شرایط انتقالی)دا دابرێژێ. پێویستە هەوڵ بدرێ ئەو ئەسڵە هاوبەشانە ژمارەیەکی چەندی بکرێ زیاتر لە هێزو دەستەو تاقمە سیاسی‌یەکان لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە".

هەروەك گوتراوە حیزبی دێموکرات لەگەڵ هەموو ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد پێوەندیی دۆستانەی هەیەو هەوڵیش دەدا پێوەندی‌یەکانی خۆی لەگەڵ ئەواندا پتەوتر بکا. بەڵام لەو باوەڕەدایە کە بە سەرنجدان بە زۆر خاڵی گرنگ، پێوەندیی سالمی خۆی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکەو پێوەندیی ئەوان لەگەڵ یەکتر دەبێو پێویستە پێ بنێتە قۆناغێکی سەرووتر، قۆناغێك کە هاوکاریو هاوهەنگاوی لە پێناوی بەرەو پێشتربردنو هێنانەدیی کۆمەڵێك ئامانجی گشتیو هاوبەشی هەموو لاو خەڵکی کوردستانی لێ بکەوێتەوە.

یەکیەتیی و هاوکاری بۆ چ مەبەستێك؟

کوردستانی ئێران بە شاهیدی مێژووی ٦٠ ساڵی ڕابردووی ئێران، لە زۆربەی ئاڵوگۆڕە گشتیو سەرانسەری‌یەکانی وڵاتەکەماندا، نەخشو جێگای تایبەت بە خۆی هەبووە. مەبەست لەو نەخشو جێگا تایبەتی‌یە ئەوە نیە کە شوێنێکی چارەنووسسازی لە سەر بە ئاکام گەیشتنی ڕەوتو ئاڵوگۆڕو ڕووداوە سەرانسەری‌یەکاندا هەبووە، بەڵکوو ئەوەیە کە لەو جۆرە کاتو سەردەمانەدا، بە هۆی مێژوویی و سیاسی، هەلومەرجێکی تایبەتیی تێدا پێك هاتوە.

لەگەڵ لاواز بوونی دەسەڵاتی ناوەندی لە کوردستان، خەڵك دەرفەتیان بۆ پێك هاتوە تا پەرە بە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەیان بدەنو بەڕێوە بردنی کاروباری خۆیان بگرنە ئەستۆ. هەر لە ئێستاوە دەتوانین پێش بینی بکەین کە لە داهاتووشدا لەگەڵ پێکهاتنی هەر ئاڵوگۆڕێکی گرنگ لە ئاستی ئێراندا، وەزعێکی لەو چەشنە دووپات دەبێتەوە. بوونی پوتانسیەلێکی بە هێزی شۆڕشگێڕانە لە هەناوی کۆمەڵدا، ئەزموونی دەیان ساڵ خەباتی جۆراوجۆر لەگەڵ دوو دەسەڵاتی پەهلەویو کۆماری ئیسلامیو بوونی حیزبو ڕێکخراوی جۆراوجۆر بە تواناو ئیمکاناتو بەرنامەی جیاوازەوە لە هەمووی ئەوانە گرنگتر ئامادەیی خەڵك بۆ چەسپاندنی دەسکەوتەکانی خەباتی چەندین ساڵەیان، وا دەکەن کوردستان جارێکی دیکە ببێتەوە بە مەیدانی ڕووداوو ئاڵوگۆڕی سیاسیی گرنگ.

خەڵکی کوردستانو هێزە سیاسی‌یەکان ئەزموونی ساڵانی شۆڕشی گەلانی ئێرانیشیان هەیە. ئەوان هەروەها لە نزیکەوە ئاگایان لە ئەزموونی خەڵکی کوردستانی عێراق لە یەك دەیەی ڕابردوودا هەیە. کێ هەیە نەزانێ لە هەر دووی ئەو نموونانەدا نەبوونی بەرنامەیەکی هاوبەش بۆ کەڵك وەرگرتن لە هەلومەرجی پێك هاتوو، یا پابەند نەبوون بە بەرنامەیەکی هاوبەشو کێشەو ناکۆکیو ململانێی نێوان هێزو ڕێکخراوە کوردی‌یەکان، چەندەی زیان بە بەرژەوەندی سیاسیی گەلی کورد گەیاندوە؟

قسەی تێدا نیە کە بۆ هەرچی باشتر قۆستنەوەی ئەو جۆرە هەلومەرجانەو بۆ بەڕێوەبردنی کوردستان لە وەزعێکی لەو چەشنەدا، هاوکاریی نێوان ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان لە سەر بناغەیەکی ئوسوولیو دروست پێویستە. دیارە پێکهێنانی ئەو یەکیەتیو هاوکاری‌یەو بەرنامەیەکی گونجاو بۆ ئەو مەبەستەش ناکرێ بۆ ئەو کات هەڵ بگیرێ. چونکە ڕەنگە ڕووداوو ئاڵوگۆڕەکان ئەوەندە بە خێرایی بچنە پێش کە دەرفەتەکە لە کیس بچێو هەموو لا بە بێ خۆ ئامادە کردن بە سەریاندا بکەون.

ئێستا کاتی ئەوەیە حیزبو ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێران لەگەڵ یەك بکەونە دیالۆگو وتووێژو چوارچێوەو بنچینەکانی هاوکاری لە ئێستاو داهاتوودا دیاری بکەن. هەروەك لە ڕاپۆرتی دەفتەری سیاسی بۆ پلینۆمی هەشتەمدا هاتوە، پێویستە یەکێك لە ئامانجەکانی ڕێککەوتنی ئەو حیزبو ڕێکخراوانە، وەسەریەك خستنەوەی هەوڵو تێکۆشانیان یا بە وتەیەکی دیکە بەرەو پێشبردنی خەباتی هاوبەش لە پێناوی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە کوردستانو ئێراندا بێ. هاوکاریو هاوخەباتی هەر لە ئێستاوەی ئەوان لەگەڵ یەکتر، ڕێخۆشکەری هاوکاریی باشتر لە داهاتوودا دەبێ. هەر لەو کاتەشدا یارمەتی دەکا بە کاریگەتر بوونی جێ پەنجەی ئەوان لە سەر ڕەوتی ئەو ئاڵوگۆڕو ڕووداوانە کە هەر ئێستا هەنو درێژەیان هەیە.

دووهەم ئامانجی ڕێککەوتنی نێوان حیزبو ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد، دەبێ دیاریکردنی بەرنامەو تەرحو پرۆژە بۆ بەڕێوە بردنی کوردستان لە هەلومەرجی ڕاگوازتن دابێ. لە هەلومەجێکدا کە لە ئاکامی لاواز بوون یا ڕووخانی دەسەڵاتی ناوەندی یا هەر ئاڵوگۆڕێکی دیکەدا، بۆشایی دەسەڵات لە کوردستان پێك دێ، پێویستە تا لە هەلومەرجێکی دیموکراتیکو لە بار خەڵك بڕیاری خۆیان دەدەنو بە دەنگی ئازادانەی خۆیان شێوەو جۆری ئیدارەو بەڕێوەبردنی کوردستان دەست نیشان دەکەن. حیزبو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان لە سەر ئەساسو بناغەیەکی شارستانیانەو گونجاو لەگەڵ بەرژەوەندی خەڵكو ڕێوشوێنە دیموکراتیکەکانو بە هاوکاریو هاوهەنگاوی لەگەڵ یەکتر،کاروباری کوردستان بەڕێوە ببەن. ئەمەش شتێك نیە کە بۆ ئەو کات ڕابگیرێ. پێویستە لە ئێستاوە ڕێوشوێنی بۆ دیاری بکرێو پێداویستی‌یەکانی بەرێوچوونو جێبەجێ بوونی بۆ دابین بکرێ.

مەسەلەیەکی دیکە کە گرنگی‌یەکەی نابێ لە چاوی هیچ تاکێکی کورد بە گشتیو ڕێکخراوو کەسایەتی‌یە سیاسی‌یەکانی کوردستان شاراوە وەمێنێ، چۆنیەتیی ڕووبەڕوو بوونەوەی گەلی کورد لەگەڵ هەر دەسەڵاتێکە کە لە داهاتوودا لە ئێران دێتە سەر کار. گەلی کورد ویستو داخوازەکانی خۆی لەگەڵ دەسەڵاتی داهاتوودا، دەبێ چۆنو بە چ شێوەیەك بهێنێتە گۆڕێ؟ ئەو ڕێگایانەی بۆ سەلماندنی داواکانی بە دەسەڵاتی داهاتووی ئێران دەبێ بیانگرێتە بەر، کامانەن؟ جێگای گەلی کورد یا نوێنەرایەتیی ئەو گەلە لە دەسەڵاتی داهاتووی ئێراندا، کوێ دەبێ؟ ئەگەر دەسەڵاتدارانی داهاتووش وەك کۆماری ئیسلامیو ڕێژیمی شایەتی هیچ مافو ئازادی‌یەکیان بە خەڵکی کوردستان ڕەوا نەدەی، دەبێ چۆن وەڵامیان بدرێتەوە؟ بە دڵنیایی‌یەوە دەتوانین بڵێین وەدیهێنانی چاوەڕوانیو داخوازە لە مێژینەکانی گەلی کورد لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی داهاتووی ئێراندا، بە ڕادەیەکی زۆر بەستراوەتەوە بە تەبایی نێوان هێزو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کوردستان، یەکیەتیی ریزەکانی گەلی کوردو ئەو هەنگاوانەی کە لە ئێستاوە لەو پێوەندی‌یەدا هەڵی دەگرن. کار کردن بۆ تێگەیاندنی حیزبو ڕێکخراو و کۆڕو کۆمەڵە سیاسیو فەرهەنگی‌یەکانی ئێران لە داوا نەتەوەیی‌یەکانی خەڵکی کوردستانو ڕەواندنەوەی گومانو بەدبینیی ئەوان لەو پێوەندی‌یەدا، یەکێك لەو هەنگاوانەیە. ئەو هەوڵە ئەگەر لە ڕادەیەکی بەریندا بەڕێوە بچێ، دەتوانێ لە ڕاکێشانی سەرنجو ڕەزامەندیی نوێنەرانی گەلانی دیکەی ئێراندا بۆ لای سیستەمێکی سیاسیی گونجاو لەگەڵ فرەنەتەوەیی بوونی ئێراندا، کاریگەر بێ.

حیزبی دێموکرات بە نۆبەی خۆی هەوڵو تێکۆشان بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکە گرنگو مێژووییەی دەست پێ کردووەو تێ‌کۆشاوەو تێ‌دەکۆشێ سەرنجی ڕێکخراوەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیونی کورد بۆ لای ئەم مەسەلەیە رابکێشێ. چاوەڕوانو هیواداریشە کە لە ئاکامی هەست کردن بە بەرپرسایەتیو هەڵگرتنی هەنگاوی پێویست لە لایەن ئەوانەوە، ئەم هەوڵانە بگەنە ئاکامی دڵخواز.

❋❋❋

### درێژەی ڕاپۆرتی:
### ڕێوڕەسمی ٥٧ ساڵەی دامەزرانی یەکەمین ڕێکخراوی ژنان لە کوردستان

ژنانی کوردستان توانیان لە دەوری ڕێکخراوی خۆیان کۆببنەوەو ڕێگا چارەی گونجاو بۆ کێشەکانیان بدۆزنەوە.

ئەو ڕێکخراوەیە لە ماوەیەکی کورتدا زۆربەی زۆری ژنانو کچانی ڕووناکبیری لە دەوری خۆی کۆکردەوە. دوای تێك شکانی کۆماری کوردستان، بە تایبەت دوای کودیتای ٢٨ی گەلاوێژ ی ١٣٣٢ بە دژی دەوڵەتی قانوونیی دوکتور موسەددیقو زاڵبوونەوەی دیکتاتۆریی پاشایەتی بە سەر ئێراندا، بۆ ماوەیەکی زۆر تێکۆشانی یەکیەتیی ژنان تووشی وەستان هات. تا سەرئەنجام لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی بە هۆی سەرکەوتنی شۆڕشی خەڵك لە ئێراندا دەرەتانێکی باش ڕەخسا بۆ ئەوەی ژنان بێنە مەیدانو ژنانی کوردستانیش وەك باقیی ژنانی ئێران بۆ ماوەیەکی کورت دەرەتانی تێکۆشانی ئازادانەیان بۆ ڕەخساو بە کەڵك وەرگرتن لەو دەرفەتە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەر لە نوێ خەباتی ئاشکرای خۆی دەست پێ‌کردەوەو لە ماوەیەکی کورتدا توانی ژمارەیەکی زۆر لە ژنانو کچان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. تێکۆشانی یەکیەتیی ژنان لەو قۆناغەی خەباتی‌دا زۆر بەربلاوترو ڕادیکاڵتر لە دەورەکانی پێشوو خۆی ڕێك خست.

هاوڕێ عیسمەت نستانی لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا گوتی:

"چ لە ڕابردووو چ لە ئێستادا نابێ نەخشی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بیر بەرینەوە کە وەك حیزبی ڕێبەری بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان، هیچ کاتو ساتێك لە یارمەتیدانو پشتیوانیکردن لە یەکیەتیی ژنان درێغی نەکردوە. هەر بۆیە یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە یاوەرو پاڵپشتی خۆی دەزانێو لە ئەزموونو کردەوە شۆڕشگێڕانەکانی لە مەیدانی کردەوەدا بە نیسبەت ژنانەوە کەڵك وەردەگرێو میدالیای ئەمەگناسی پێشکەش بەو حیزبە خۆشەویستە دەکا".

بەرپرسی یەکیەتیی ژنان لە درێژەی پەیامەکەی‌دا گوتی:

"یەکیەتیی ژنان وەك ڕێکخراوێکی پێشکەوتنخوازی ژنانی کوردستانی ئێران بۆ لە نێو بردنی هەر چەشنە نابەرابەری‌یەك هەوڵی داوەو بەیاننامەی جیهانیی مافی مرۆڤو ڕێککەوتننامەی دژی هەڵاواردنی جینسی لە سەر ژن کە لە ساڵی ١٩٧٩ی زایینی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا پەسند کراوە، کردۆتە سەرمەشقی بۆچوونو هەڵوێستەکانی خۆیو بۆ وەدیهێنانی نێوەرۆکی ئەم بەیاننامەیە تێ‌کۆشاوە. هەروەها هەوڵی داوە بۆ بنەبڕ کردنی پیاوسالاری بە بێ ئەوەی هیچ گرژی‌یەك لەگەڵ پیاو بکا، هەموو هەوڵی ئەوە بووە کە کۆمەڵێکی پڕ لە بەختەوەری بۆ ژنو پیاو بە ئەرکو مافی بەرامبەرەوە دروست بکا."

بەرێز عیسمەت نستانی لە کۆتایی قسەکانی‌دا پەیمانو بەڵێنی بە هەموو ژنانی کوردستان دا تا وەدیهاتنی ئامانجە دێموکراتیکو سینفی‌یەکانیان لە خەباتو تێکۆشان نەوەستن.

❋❋❋

# بۆچوونەکانی سکرتێری حیزب لە بارەی کوردستانی ئێرانەوە، لە مێزگردێکدا

شەوی شەممە ڕێکەوتی ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٨١، لە مێزگردێکدا کە فەرەیدوون زەرنیگار لە ڕادیۆ فەرداوە بە بەشداریی سکرتێری حیزب، هاوڕێ عەبدوڵڵا حەسەنزادە، عەبدوڵڵا موهتەدی، سکرتێری ڕێکخراوی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (کۆمەڵە)و هەروەها ئەحمەد زەیدئابادی، ڕۆژنامەنووس پێکی هێنابوو، لە مەڕ گۆڕانکاریو ڕووداوە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانو ناوچەکە پرسیاری لێکردن. ناوبراو لە پێشەکییەک کە بۆ ئەم مێزگردە نووسیبووی؛ وتی:

"لە حەوتووی ڕابردوودا مەسەلەی کوردستان، بەرەنگار بوونەوەی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لە لایەکەوەو حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە، لە بەر چەند هۆیەک بوونە سەر باسی ڕووداوە سیاسییەکان. ئیعدامی دوو لاوی کورد لە سنەو سەقز، ڕێگرتن لە چوونی کارناسانی مافی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کوردستانو پشکنینی زیندانەکانی ئەم ئوستانەو هەروەها تەنگژەی عێراقو ئەگەری هێرشی ئەمریکا بۆ سەر ئەم وڵاتەو چوونی ئەرتەشی تورکیە بۆ نێو خاکی عێراق لە چوارچێوەی هێرشی ئەوتۆ بۆ سەر عێراق، لەو هۆکارانە بوون کە سەرنجی کارناسانی سیاسییان بۆ لای ڕەوشی کوردستانی ئێران ڕاکێشا".

ناوبراو پاشان لە سەر مەبەستەکانی کۆماری ئیسلامی لە گرتنەبەری سیاسەتی سەرکوت لە کوردستان، پرسیاری لە بەشداران کرد.

فەرەیدوون زەرنیگار: "دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی وا پاکانە بۆ سیاسەتەکانی خۆی دەکا کە ڕێکخراوە چەکدارەکان لە کوردستان بە چەک بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامی دەبنەوە. ڕێکخراوە سیاسییە کوردییەکانیش لە وەڵامی ئەم پاساوەدا دەڵێن، شەڕی چەکداری بە سەر کوردا سەپاوە."

عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران:

"حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە تا ئێستا بەردەوام لایەنگری لە خەباتی سیاسیو مەدەنی کردوەو شەڕی چەکدارانەی تەنیا وەک شێوەیەک لە خەبات چاو لێکردوە کە دەسەڵاتی دژی گەلی بەهێرشی نیزامی بۆ کوردستان بە سەر حیزبو بە گشتی خەڵکی کوردستاندا سەپاندوویەتی. بۆیە هەر کاتێک هەلێک بۆ ئەنجامدانی خەباتی سیاسیو ئاشتیخوازانە هەڵکەوتبێ، حیزبی ئێمە کەڵکی لێوەرگرتوەو تەنیا کاتێک دەستی بۆ چەک بردوە کە بەرگرییەکی ڕەوا لە بەرانبەرهێرشی نیزامی بە سەریدا سەپاندوویەتی. لە دەورەی شەشەمی هەڵبژارنی مەجلیسی شووراى ئیسلامیو دەورەی یەکەمی هەڵبژاردنی شووراکاندا، چونکە کەشو هەوایەکی تا ڕادەیەک لە بار لە ئێراندا بۆ هەڵبژاردنی ئەو کاندیدایانەی کە لە پاڵوێنەی شووراى نیگابانا‌دا تێپەڕیبوون ـ نەک سەر جەم کاندیداکان ـ پێک هاتبوو. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو مانایە نا کە بۆخۆی لە هەڵبژاردندا بەشدار بێ، بەڵام خەڵکی بۆ بەشداریی لە هەڵبژاردندا هاندا. بۆخۆتان دەزانن کە ئێمە بەناو حیزبێکی هەڵوەشاوەین. حیزبی دێموکرات داوای لە خەڵک کرد کە لە دەرەوەی قۆڵبازییەکانی نێو حاکمییەتدا دەنگ بە کاندیداکانی جێی پەسندی خۆیان بدەن. بەڵام پاش ئەوەی بۆ هەمووان دەرکەوت کە لە نیزامی کۆماری ئیسلامیداو لە چوارچێوەی فەلسەفەی ویلایەتی فەقیهیدا، هیچ دەرەتانێک بۆ جێبەجێبوونی ویستو بۆچوونەکانی خەڵک نیەو ئۆرگانە هەڵبژێراوەکان لە دیاریکردنی چارەنووسی وڵاتدا دەسەڵاتێکی ئەوتۆیان نیە، حیزبی ئێمە داوای لە خەڵک کرد کە هەڵبژاردنی دەورەی دووەمی شووراکانی شارو دێ تەحریم بکەن. هەر وەک دیتمان، کۆمەڵانی خەڵک لە سەراسەری وڵاتدا بایەخیان بە هەڵبژاردنی شووراکان نەداو بە شێوەیەکی زۆر روون پەیامی ڕەتکردنەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان بە گوێی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیدا دا.

هەر وەک عەرزم کردن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران هەمیشە خەباتی سیاسیو ئاشتیخوازانەی لە خەباتی چەکدارانەو توندو تیژی پێ باشتر بووەو پێی باشترە، بەڵام تا کاتێک کە ئیمکانی هێرشی نیزامی بۆ سەر کوردستانو سەرکوتی داخوازەکانی خەڵک بە شێوەیەکی توندو تیژی لە گۆڕێ دابێ، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، خەباتی چەکدارانە بە تەواوی ڕەت ناکاتەوە، چونکە پێمان وایە ڕەتکردنەوەی خەباتی چەکدارانە لە گەڵ تەکڕەویو دیکتاتۆریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەبێتە هۆی پەرەپێدانی توندو تیژیو کردەوەی سەرکوتکەرانە لە لایەن ڕێژیمەوە".

فەرەیدوون زەرنیگار: "بە پێی قسەکانی عەبدوڵڵا حەسەنزادە هۆی پەرەسەندنی سیاسەتی "ڕاوەدوونان" لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە لە کوردستاندا، بۆ ترسی ڕێژیم لە ڕاپەڕینی کوردەکان لە کاتی ڕوودانی شەر لەگەڵ عێراقدا دەگەڕێتەوە. لە کاتێکدا بە باوەڕی وی ئەم ترسە خۆڕاییە، هەرچەندە هەر چەشنە گۆڕانکارییەک لە ناوچەکەدا کار دەکاتە سەر ناوچە کوردنشینەکان.

عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

"بە گشتی هەر چەشنە گۆڕانکارییەک لە بارودۆخی کوردەکان لە هەر پارچەیەک لە کوردستاندا ڕووبدا، دەتوانێ ئەگەر ڕاستەوخۆش نەبێ کار بکاتە سەر ڕەوشی کوردەکان لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا. بۆ نموونە بە ڕەسمی ناسینی مافی خودموختاری بۆ کوردستانی عێراق لەساڵی ١٩٧٠ی زایینیدا نەک هەر بوو بە مایەی خۆشی لای کۆمەڵانی خەڵکی کورد لە ئێرانداو پارچەکانی دیکەی کوردستاندا، بەڵکوو ئەوانی بۆ خەبات لە پێناوی وەدەسهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆیاندا گەشبینتر کرد. بەڵام من پێم وانیە تەنگژەی ئێستای عێراقو ئەگەری شەڕی ئەمریکا دژی ئەم وڵاتە، کاریگەرییەکی ئەوتۆی لە سەر وەزعی کوردەکانی ئێران هەبێ. تەنیا کاریگەرییەک کە لەو پێوەندییەدا دەبیندرێ ئەمەیە کە کۆماری ئیسلامی لە نیوەی دووەمی ئەمساڵەوە کاری ڕاوەدوونان، زیندانو ئەشکەنجەی دژی کوردەکانی ئێران توندتر کردوە، لەم ماوەیەدا لە سەر یەک نزیکەی ١٠ هەڵسوڕاوی سیاسیی کوردی بە تاوانی ئەندامەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران یا ڕێکخراوە کوردییەکانی دیکەدا ئیعدام کردوە. ڕەنگە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی وا دەزانن کە بە دوای کۆتایی هاتنی کێشەی عێراقدا، وڵاتی ئێمەش دەکەوێتە بەر هێرشی هێزە بیانییەکانو یا کوردەکانی ئێران ڕادەپەڕن، بەڵام ئەمن بۆخۆم پێم وانیە ئەم ئەگەرانە لانیکەم بە نزیکانە وەڕاست گەڕێن. ئەمن لە سەر ئەو باوەڕەم کە کوردەکانی ئێران لە چوارچێوەی جووڵانەوەیەکی ئازادیخوازانەی گشتیو سەرانسەریدا، درێژە بە خەبات لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجە لە مێژینەکانی خۆیان دەدەنو چارەنووسی خۆیان پتر بە چارەنووسی خەباتگێڕانەی ئازادی لە سەرانسەری ئێراندا دەبەستنەوە".

فەرەیدوون زەرنیگار: "بەڵام داخوا بە سەرنجدان بە هەڕەشەی هەڵگیرسانی شەڕ لە ناوچەکەداو دەستێوەردانی تورکیە لە کاروباری نێوخۆی عێراقدا، ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە گشتیو ناوچە کوردنشینەکان بە تایبەتی چۆن پێشبینی دەکرێ؟"

عەبدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشبینی کردنی بارودۆخی ناوچەکە لە کاتی شەڕدا زۆر بە زەحمەت دەزانێو دەڵێ: "ئەگەری دەستێوەردانی تورکیە لە کاروباری نێوخۆی عێراقدا، دەبێتە هۆی دەستێوەردانی وڵاتانی دیکەی ناوچەکەش لە کارو باری ئەم وڵاتەداو ڕەوشەکە ئاڵۆزتر دەکا."

عەبدوڵڵا حەسەنزادە:

"پێشبینی کردنی ڕەوشی ناوچەکە ئەگەر هاتو شەڕ قەوما، کارێکی زۆر زۆر زەحمەتە، چونکە یەکەم: ئاکامی شەڕ لە نێوخۆی عێراقدا بە سەرنجدان بە جیاوازی پێکهاتەی دینی، مەزهەبیو نەتەوایەتییەکانی عێراقو هەروەها ناکۆکیو ململانێیەکانی نێو هێزە جۆراو جۆرەکان، زۆر بە زەحمەت پێش بینی دەکرێ. دووەم: دەکرێ لایەنە جۆراجۆرەکانی تەنگژەی عێراق تەئسیر لە سەر دەرەوەی عێراقیش بکەن. بۆ نموونە هەر وەک بۆخۆتان لە پرسیارەکەتاندا ئاماژەتان پێکرد. ئەگەری دەستێوەردانی تورکیە لە کارو باری کوردستانی عێراقداو بە تایبەت ئەگەری ئیددیعای حاکمییەتی ئەم وڵاتە بە سەر هێندێک بەشی عێراق ـ ویلایەتی مووسڵ ـ دەشێ ببێتە بیانوویەک بۆ دەستێوەردانی هێزو دەوڵەتانیتری ناوچەکە لە کارو باری عێراقدا. لێرەدا دەبێ هەم کوردەکانی عێراقو هەم بەشێکی بەرچاو لە بیرو ڕای گشتی لە وڵاتانی دراوسێدا نیگەرانی ئەگەری دەستێوەردانی تورکیەو چوونی هێزەکانی ئەرتەشی ئەو وڵاتە بۆ نێو خاکی کوردستانی عێراق بن، زۆر ئاشکرایە کە ئەم دەستێوەردانە بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەکاو داهاتووی خەڵکی کوردستانی عێراقو گەلانی دیکەی ناوچەکە تەمومژاوی دەکا. بۆیە ئەمن ئاواتە خوازم کە تەنگژەی ئێستای عێراقو کێشەی ئەم وڵاتە لەگەڵ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانداو هەروەها لەگەڵ ئامریکادا لە ڕێگای ئاشتیانەوە چارەسەربکرێو ناوچەکەمان تووشی شەڕێکیماڵوێرانکەر نەبێ کە ئاکامەکەی بۆ کەس پێشبینی ناکرێ.

❋❋❋

## هەواڵەکانی کوردستان

### سنە

### پێشگیری لە کۆبوونەوەیەکی خوێندکاران

کۆبوونەوەی خوێندکارانی زانکۆی ئازادی سنە بە دەستووری بەرپرسانی ئەمنییەتیی ڕێژیم هەڵوەشایەوە. قەرار بوو ڕۆژی شەممە ٢٤ی ڕەشەمە خوێندکارانی زانکۆی ئازادی سنە بە هاوکاریی بەڕێوبەرانی زانکۆ بە وەرگرتنی موجەویز کۆبوونەوەیەک پێک بێنن. بەڵام بەرپرسانی بەناو ئەمنییەتیی ڕێژیم سەرەڕای بوونی موجەویز، بەرێوبەرانی زانکۆیان ئاگادار کردوە کە بە هۆی هەلومەرجی تایبەتی ڕێگە نادەن ئەو ڕێوڕەسمە بەرێوە بچێ. ئەو کردەوەیەی ڕێژیم بۆتە هۆی ئیعترازو نارەزایەتی دەربڕینی بەڕێوەبەرانی زانکۆو خوێندکارانی زانکۆی ئازادی سنە.

❋❋❋

### مەهاباد

### پێشوازیی لاوانی مەهاباد لە چوارشەمەسووری

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٨١/١٢/٢٠ نزیک بە ١٠٠ لاوی شاری مەهاباد لە چوارڕێیانی ئازادیدا کۆ بوونەوەو بە نیشانەی پێشوازی لە نەورۆزو قوڵە چوارشەممە (چوار شەممەسووری) دەستیان کرد بە تۆق تۆقە.

هێزە بەناو ئینتیزامییەکانی ڕێژیم کە لە هەر چەشنە کۆبوونەوەیەک دەترسێنو بە گومانەوە سەیری دەکەن، موزاحیمی لاوەکان دەبن. لە ئاکامدا تێکهەڵچوون دەبێو لاوەکان بە بەردو دار، شووشەی دوو ماشێنی هێزە ئینتیزامییەکان دەشکێنن. بەدوای ئەو ڕووداوەدا حاڵەتێکی نائاسایی لە شاردا دەست پێ دەکاو چەکدارەکانی ڕێژیم زۆربەی چوارڕێیەکانو سەری کۆڵانەکان دەگرن. کاتژمێر ٨ تا ٨:٣٠ی شەو لاوەکان بە گوتنەوەی دروشمی "مامۆستای دێموکراسی، کوردت بە دنیا ناسی" بەرەو فەلەکەی دەنگو ڕەنگ وەڕێ کەوتنو لەوێڕا بەرەو مەیدانی مەلاجامی ڕۆیشتنو لەوێ بڵاوە بە کۆبوونەوەکەیان کرد.

❋❋

### پێشوازیی لاوانی مەهاباد لە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزدا

ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ٢٧ی ڕەشەمە هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم لە شاری مەهاباد بۆ پێشگیری لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ئاگرکردنەوەی قوڵە چوارشەممە لە چوارڕێیانی ئازادیو بەشە ناوەندییەکانی شار جێگیر بوونو لە بەرازییەکانی دەرەوەی شار دامەزرانو هەوڵیان دەدا پێش بە ئاپۆرەی خەڵک بگرن. بەڵام لاوانی شۆڕشگێڕو نیشتمانپەروەری شاری مەهاباد سەرەڕای ڕێوشوێنی توند لە لایەن هێزە دژی گەلییەکانەوە لە زۆربەی شوێنەکانی شار ئاوری چوارشەممەییان کردەوەو دەست لە نێو دەستی یەک لە دەورەی ئاگرەکان شاییان گێڕاو گەڕی دیلانیان ڕێک خست.

هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم کە توانای دیتنی دیمەنی شادیو خۆشیی خەڵکیان نەبوو، پەلاماری ئاپۆرەکانی خەڵکیانداو کەوتنە سەرکوتکردنیانو ژمارەیەک لەلاوانی شاریان دەسبەسەر کرد.

❋❋❋

### بۆکان

ئێوارەی ڕۆژی سێشەممە ٢٠ی ڕەشەممە، لاوانی نیشتمانپەروەری شاری بۆکان بۆ پێشوازی نەورۆزو ریوڕەسمەکانی لە زۆربەی شوێنەکانی شار ئاوریان کردەوەو بە تۆقاندنی تۆق تۆقە لە ژێر پێی هێزە بەناو ئەمنییەتییەکانی ڕێژیم، ڕێزیان لە نەورۆز گرت. هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمیش کەوتنە گرتنو دەسبەسەر کردنی لاوانو زیاتر لە ٣٠ کەسیان گرت. بە پێی ئەو زانیارییانە کە بە "کوردستان" گەیشتوون ڕێژیم بۆ چاوترسێن کردنو تۆقاندنی لاوانی بۆکانو بۆ پێشگیری لە بەرێوەچوونی بۆنەکانی نەورۆز بۆ ئازادکردنی هەر کام لەو لاوە گیراوانە بڕی یەک میلیۆن تمەنی دیاری کردوە.

❋❋❋

# ئیعدامێکی سیاسیی دیکەو بەردەوامبوونی گرتنە خۆڕاییەکان

ڕۆژی ١١ی ڕەشەمە، محەممەدی گولاّبی زیندانی‌یەکی دیکەی سیاسی، بە تۆمەتی لایەنگری لە کۆمەڵە، ئیعدام کرا. دوازدە ڕۆژ پاش ئیعدامی محەممەدی گولاّبی، ساسانی ئالی کەنعانیش هەر بە تاوانێکی ئەوتۆوە بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ تێکۆشەرانی کۆمەڵەدا، ئیعدام کرا.

ئیعدامی ساسانی ئالی کەنعان، ڕاست لە سەرەتای سەردانەکەی پشکێنەرانی مافی مرۆڤی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەنجام درا کە بە پێی ڕێکەوتننامەیەك کە پێشتر لە نێوان هەر دوولادا مۆر کرا بوو، بۆ لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ئیعدامە خۆڕاییەکان، هاتبوونە ئێران. لە ماوەی مانەوەی ئەم هەیئەتە لە ئێراندا کۆماری ئیسلامی نەك هەر شەپۆلێکی نوێی ئیعدامە سیاسی‌یەکانی وەڕێ خست، بەڵکوو سەر لە نوێ دەستی بە گرتنو دەستبەسەر کردنی خۆڕایی کرد.

ڕۆژی سێی ڕەشەمە، محەممەدی خەلیلی، ئەندامی کانوونی نووسەرانی ئێران لە لایەن چەند کەسێکی نەناسراوەوە دەستبەسەر کرا.

ڕۆژی پێنجی ڕەشەمە، قاسمی شوعلەسەعدی لە فڕینگەی مێهرئاباد، گیرا.

ڕۆژی هەشتی ڕەشەمە، کامبیز کاهەو سەعید موستەغاسی، دوو ڕۆژنامەنووسی بواری سینەما گیران.

ڕۆژی دەی ڕەشەمە، محەممەدی عەبدی سەرنووسەری مانگنامەی هونەری حەوتەمو ئەمیری عیزەتی لە نووسەرانی مانگنامەی فیلم دەسبەسەر کران.

ڕۆژی ١١ی ڕەشەمە، یاسەمین سووفی ڕەخنەگری موسیقیی فیلمو ڕۆژنامەنووسی بواری گۆڤارە سینەمایی‌یەکان گیران.

سەرەڕای ئەم گیرانانە بانگ کردنو لێکۆڵینەوە لە نوسەرانو ڕۆژنامەنگارانیش هەر بەردەوام بوو. بێگومان بە هۆی ساز نەبوونی نارەزایەتی‌یەکی گشتی دژی ئەم ئیعدامو گیرانانەی ئەم دوایانە، ئەم شەپۆلە نوێیەی ئیعدامی سیاسی، گیرانو ئەشکەنجەو ئازارەکان هەروەها بەردەوام دەبێ.

کومیتەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی بە دەربڕینی نەفرەتی قووڵی خۆی لەم کردەوە دژی ئینسانیو دڕندانەی کۆماری ئیسلامی، بە نیسبەتی ئیعدام کردنی ڕۆڵەکانی گەلو گرتنو ئەشکەنجەو ئازاری نووسەرانو ڕۆژنامەنووسانو هەروەها دەربڕینی هاودەردیی خۆی لەگەڵ بنەماڵەی قوربانی‌یەکانی مرۆڤکوژیی شێتانەی ئەم ڕۆژانەی کۆماری ئیسلامی، داوا لە بنەماڵەی گولابیو هەڤاڵەکانی، سەرجەم ڕێکخراوەکان، حیزبو کۆمەڵە سیاسیو دێموکراتیکەکان، گشت کۆڕو ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤو هاونیشتمانە ئازادیخوازەکان دەکا کە هەموو هێزو توانای خۆیان بخەنە گەڕو بە هەر شێوەیەك پێیان دەکرێ لە بەرامبەر ئەم شەپۆلە نوێیەی ئیعدامو هەروەها گرتنەکانی ئەم دوایانەدا ڕاوەستنو داوای ڕاگرتنی کوشتاری زیندانی‌یە سیاسی‌یەکانو ئازاد کردنی بێ‌شەرتی نووسەران، ڕۆژنامەنووسانو تێکڕای زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان بکەنو بە مۆبیلیزە کردن (بەسیج)ی ڕای گشتیی خەڵکی ئێرانو جیهان کۆماری ئیسلامی ناچار بکەن کە دەست لەم ڕەوتە تازەی گرتنو زیندانی کردنانە هەڵبگرێ.

**کۆمیتەی یەکیەتیی کردەوە بۆ دێموکراسی لە ئێراندا**
**پێکهاتوو لە:**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ڕێکخراوی یەکیەتیی فیدائیانی گەلی ئێران**
**ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشگێڕی ئێران (ڕێگای کرێکار)**
**١٥ی ڕەشەمەی ١٣٨١**
**٦ی مارسی ٢٠٠٣**

---

# نەورۆز
# هێمای بەرەنگاری لەگەڵ کۆنەپەرستی

**عەولاّ بەهرامی**

نەورۆز وەك بایەخێکی فەرهەنگیو مێژوویی ئێرانی‌یەکان، هەر لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی‌یەوەو بە دەرکەوتنی نێوەرۆکی کۆنەپەرستانەو دواتریش بە دەست پێکردنی هێرشی ڕێژیم بۆ سڕینەوەی شوێنەوارو بایەخە فەرهەنگی‌یەکانی‌ئێرانو نەتەوەکانی سەر ئەم خاکە؛ بۆتە مەسەلەیەکی جێگای ناکۆکیو هەر لەو کاتەشدا جیاکەرەوەی شێوە بۆچوونو ڕادەی پێشکەوتووییو دواکەوتوویی خەڵکو دەسەلاّتدارەتی.

لە ڕاستی‌دا ستراتیژیی فەرهەنگیی ئەم سیستەمە حکوومەتی‌یە نەك بریتی نەبوە لە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی سەردەمیانە لە فەرهەنگدا، بەڵکوو وەك بۆ هەموان ئاشکرایەو چارەکە سەدەیەك دەسەلاّتدارەتیی ئەم ڕێژیمەش شاهیدیی بۆ دەدا، بریتی بوە لە سڕینەوەو نەهێشتنی ئاسەوارو بایەخە بەرزەکانی فەرهەنگی ئێرانو نەتەوە پێکهێنەرەکانی ئێران. پیلانی "شۆڕشی فەرهەنگی" یان باشتر بڵێین "کودیتای فەرهەنگی" شتێك نەبوەو نیە بێجگە لە هەوڵدانی هەمە لایەنەو بەکار هێنانی هەموو تواناو ئیمکاناتەکان بۆ پەروەردە کردنی بەرەیەك لە ئێرانی‌یەکان کە لەگەڵ بایەخو تایبەتمەندی‌یە میللی‌یەکانی فەرهەنگی لە مێژینەی ئێرانو زمانو دابو نەریتو فەرهەنگی نەتەوایەتیی خۆیان بێگانە بنو تەنانەت دژایەتیشی بکەن.

ئەگەر دەسەلاّتدارەتی سەرەڕۆو کۆنەپەرست لە ئاستی سەراسەری‌دا توانی بە کەڵك وەرگرتن لە هەستی ئایینیو مەزهەبی بۆ ماوەیەك کۆمەڵانی خەڵك سەبارەت بە بایەخە لە مێژینەکانی مێژووی ئێران بێگانە بکا، بەڵام لە کوردستان بەم پێیە کە جووڵانەوەیەکی نەتەوایەتیو پێشکەوتنخوازانەو خاوەن ڕابردوو لە گۆڕێدا بوو، هەر لە سەرەتاوە هەڵگرانی بیری کۆنەپەرستی لەگەڵ بەربەرکانێی خەڵکی کوردستان بەرەو ڕوو بوونەوە. لەم بەربەرەکانێ‌یەدا کە دواتریش درێژەی کێشا (و ئێستاش درێژەی هەیە) دوو بەرەی بە تەواوی لێك جیاوازو خاوەن ڕوانگەو کلتووری جیاواز بە بەرژەوەندیی جیاوازەوە کەوتنە بەرانبەر یەك. لایەنگرانو هەڵگرانی فەرهەنگی ڕەسەنی نەتەوایەتیو پێشکەوتنخوازانەو تاقمێك دەسەلاّتداری کۆنەپەرستو هەلپەرست کە بیریان لە ژیاندنەوەو زاڵ کردنی بیرو بۆچوونو شێوەی ژیانی سەردەمە هەرە پاشکەوتووەکانی ژیانی مرۆڤایەتی دەکردەوە.

نەورۆز وەك یەکێك لە گرنگترینو گەورەترین جێژنە نەتەوایەتی‌یەکانی گەلانی ئێران وەك بایەخو هێما ڕەسەنە فەرهەنگی‌یەکان، لە پێشەوەی ئەو بیچم (عنصر)ە فەرهەنگییانەوە بوو کە هەر لە سەرەتاوە بۆتە ئامانجی هێرشی دەسەلاّتدارەتیی کۆنەخواز. بە پێی گەلاّڵەکانی "شۆڕشی فەرهەنگی" دەبوو ئەم پێکهێنەرە گرنگەی فەرهەنگی ئێرانی جێگای خۆی چۆڵ بکا بۆ ئەو نەریتە سەردەم بە سەر چووانەی کە ئەوان بە بیریاندا هاتبوو.

دیارە هەر لە سەرەتاوە بۆ هەموو ئەوانەی تۆزێك لە فەرهەنگو پرۆسەی فەرهەنگسازیو گۆڕانی فەرهەنگی شارەزایی‌یان هەبوو، ڕوون بوو کە دەسەلاّتدارەتی لە هەڵەیەکی بێ‌ئەملاو ئەولا دایە. گۆڕانی فەرهەنگیو پرۆسەی فەرهەنگسازی یەکەم، پێویستی بە ماوەیەکی درێژخایەنی چەندین بەرەیی هەیەو دووهەم ناکرێ بە دانانی هێندێك بەدیلو بیچمی ساواو دواکەوتوو بیر لە فەرهەنگسازی ـ ئەویش لە شێوازی لە سەرەوەڕا بۆ خوارێ ـ بکرێتەوە.

سێهەم، ئەو شێوە فەرهەنگسازییانەی بنەمای زانستییان نیەو ئامانجیان پێشکەوتنی فەرهەنگی نیە، هەر زوو تووشی شکستو پووکانەوە دەبن.

لێرەدا بوو نەورۆز بۆتە نیشانەیەك بۆ بەرەیەك کە کۆمەڵانی خەڵك بن، بۆ بەرەنگاری لە فەرهەنگی نەتەوایەتیو هەر لەو حاڵەشدا دیفاع لە نەورۆزو بۆنەو ڕێوشوێنە پیرۆزە دێرینو فەرهەنگی‌یەکان، بوو بە شێوەیەك لە خەبات دژی ئەو سیستەمە



حکوومەتی‌یە کە بە هەموو شێوەیەك نیشانی داوە لەگەڵ ڕووە مۆدێرنو خاوەن ڕیشە پێشکەوتووەکانی فەرهەنگی ئەم وڵاتە نامۆیە. لەم نێوەدا ئەگەر ڕێژیم بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لە هەموو توانا ماددیو مەعنەوی‌یەکانو تەنانەت لە دڕندانەترین شێوازەکانی سەرکوتیش کەڵکی وەرگرتوە، کۆمەڵای خەڵك تەنیا بە بەڕێوبردنی یەکگرتووانەی بۆنەو ڕێوڕەسمە میللی‌یەکانو پارێزگاری کردن لەوان توانیویانە هەم پێش بە جێگربوونی بایەخەکانی ڕێژیم لە بیرو زەینی خۆیانو بەرە نوێیەکانو فەرهەنگە نەتەوایەتی‌یەکاندا بگرن. بۆ ئەوەی ئاکامگیری‌یەك لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەم دوو بەرەیە بدەین بە دەستەوە، دەتوانین بڵێین بەرەی حاکمییەت ئەگەرچی زیانی گەورەی لە ڕەوتی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو فەرهەنگیی وڵات داوە، بەڵام بە گشتی زۆربەی هەرە زۆری ئامانجەکانی بە وەدی نەهاتوویی ماونەتەوە.

هەر لەم پێوەندی‌یەدا دەتوانین بە ڕاشکاوانە بڵێین لە کوردستان (هەر وەك لە سەرەتاشدا ئاماژەی پێکرا) ئاستو تایبەتمەندی بەرەنگاری لە فەرهەنگی نەتەوایەتی‌دا لە زۆر بارەوە تەنانەت جیاوازی لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی ئێرانیش‌دا هەبوو ـ لە کوردستان هەر زوو پێویستی بەربەرەکانێ لەگەڵ دەسەلاّتو بایەخە دواکەوتووەکانی دەسەلاّتی تازە دەستی پێکرد. چونکە خەڵکی کوردستان چاوەڕوان بوون یەکەم بەهاری ئازادی بکەنە بناخەیەك بۆ قەرەبووی ئەو هەموو ستەمو غەدرەی لە هەموو بوارەکانداو یەك لەوان لە بورای فەرهەنگی‌دا لێیان کرابوو، کەچی ڕێژیم هەر زوو نێوەرۆکی دوژمنانەی خۆی سەبارەت بە مافو ئازادی‌یە نەتەواوی‌یەتی‌یەکانیان دەرخست. لە جێگای ڕێزگرتن لە مافەکانی گەلی کورد، یەکەم دیاریی یەکەم نەورۆزی ئازادیی ئەو بۆ ئەم گەلە ئاگرو ئاسنو شەڕو ئاژاوە بوو.(*)

لە کوردستاندا بەڕێوەبردنی بۆنەو ڕێوڕەسمە نەتەوایەتی‌یەکان تەنیا مانای پارێزگاری لە بایەخە فەرهەنگی‌یەکانی نەبوەو نیەو دواتریش دەرکەوت کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە ڕێزگرتن لە بۆنەو جێژنە نەتەوایەتی‌یەکانیان، هەم لە لایەك دژایەتیی ڕێژیم دەکەنو هەم بەم چەشنە دەنگی مافخوازیی خۆیان هەڵبڕیوەو نەورۆزو باقیی بۆنە خۆشو ناخۆشەکانیان کردۆتە هەوێنی زیندوو ڕاگرتنو پەرەپێدانی هەستو هۆشیاریی نەتەوایەتی.

لێرەشدا ئەوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانن کە بە ڕێزگرتنو ڕاگرتنی شکۆی بایەخە فەرهەنگی‌یەکانیانو لە سەرووی هەموویانەوە بە بەڕێوبردنی بە شکۆی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزو سەری ساڵی نوێ، توانیویانە پاشەکشێ بە حاکمییەتی سەرەڕۆو کۆنەپەرست بکەن. بە چەشنێك کە لە چەند ساڵی ڕابردوودا تا دێ بە بەربلاّویو شکۆی زیاترەوە ڕێوڕەسمەکانی نەۆرۆز لە شارو گوندەکانی کوردستان بەرێوە دەچنو گێرەشێوێنیو سەرکوتی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیمیش نەی‌توانیوە پێش بە پەرەگرتنی ئەم ڕەوتە بگرێ.

(*) ئاماژە بە نەرۆزی خوێناوی سنە.

***

# ئێران لە ساڵێكدا كە رابرد

ع. بداغی

ساڵی ١٣٨١ی هەتاوی سەرەڕای درێژەی سەركوتی ئازادییەكان، گرتنو زیندانیكردنی ئازادیخوازانو ئیعدامی ژمارەیەك لە رۆڵە شۆرشگێڕەكانی گەلی كورد لەلایەن ڕێژیمی كۆماری ئیسلامییەوە، بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلانی ئێران ساڵێكی پڕ دەسكەوت بوو. لە بەرامبەر دا ڕێژیمی كۆماری ئیسلامیی ئێران كە لەو ساڵیش دا بەرەورووی گەلێك قەیرانو ئاڵۆزی چ لە نێوخۆو چ لە ئاستی نێونەتەوەیی ببۆوە، جگە لە پاشەكشەی سەرشۆڕانەو بەدناویی‌و بێئیعتباریی زیاتر چیتری پێ نەبڕاو زیاتر لە هەموو وەختێكیتر رەوایی‌و مەشرووعییەتی نیزامو دەسەڵاتەكەیان كەوتە ژێر پرسیارەوە.

ئاماژەیەكی كورت بە رووداوە گرینگەكانی ساڵی رابردووو ئاكامەكانیان هیوابڕاوی‌و بێئاكامیی هەوڵەكانی ڕێژیم بۆ سەركوتی ئازادی‌و بنەبڕكردنی هەستی رزگاریخوازانەی گەلانی ئێران دەردەخەنو هێمای سەركەوتنی هەرچی زیاتری خەباتی مافخوازانەی گەلانی ئێرانن.

## درێژەی ناڕەزایەتی دەربڕینی خەڵك لە سیاسەتو كردەوەكانی ڕێژیم:

رۆژژمێری رووداوەكانی ساڵی ١٣٨١ گەلێك حەرەكەتی ئیعترازیی خەڵكی ئێران بە مەبەستی دەربڕینی ناڕەزایەتی‌و نەفرەتو بێزاری لە ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی نیشان دەدا. ئەوەی خراوەتە بەرچاوی خوێنەران ئاوڕدانەوەیەكی كورتو خێرایە لە شێوە جۆراوجۆرەكانی بەرهەڵستكاری لەگەڵ ڕێژیمو دەربڕینی بێزاریی خەڵك لە كۆماری ئیسلامی.

- **مانگرتنو خۆپێشاندانەكان:**

ــ جێژنی نەورۆزی ساڵی ١٣٨١و پێشوازیی خەڵكی ئێران بە گشتی‌و خەڵكی كوردستان بە تایبەتی لە چوارشەممەسووری‌و بۆنەكانی سەری ساڵی تازەدا بوونە دەسپێكی جموجۆڵە ئیعترازییەكانی خەڵك لە دژی كۆماری ئیسلامیی ئێرانو كردەوەی دژیگەلییانەی ڕێژیم بەرامبەر بەم حەرەكەتانە. كوردستانی ئێران مەیدانێكی ئەو خۆپێشاندانانە بە مەبەستی بەرەنگار بوونەوەو دژایەتی كردنی خەڵكی كوردستان لە دژی سیاسەتە سەركوتكەرانەو كۆنەپەرستانەكانی ڕێژیمی كۆماری ئیسلامی واتە سڕینەوەی بۆنە نیشتمانییەكان لە فەرهەنگو كلتووری نەتەوایەتیی گەلی كورد بوو. خاڵی گرنگ لە خۆپێشاندانە هەزاران كەسییەكانی گەلی كورد لە شارەكانی مەهاباد، سنە، بۆكان. سەقز، سەردەشت، مەریوان، شنۆ و ورمێ بەرزكردنەوەی دروشمی میللی‌و پشتیوانیی هەمەلایەنە لە خەباتی میللی ـ دێموكراتیكی گەلەكەمان بە ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموكرات بوو. ئەو خۆپێشاندانانە لەلایەن هێزە دژی گەلییەكانی ڕێژیمەوە بە توندی سەركوت كران.

ــ خۆپێشاندانی هەزاران كەسیی كرێكاران لە تاران لە رۆژی ٢٥ی پووشپەڕ بە پشتیوانی لە یاسای كاری ئێستاو گۆڕینی یاساكانی كار. ئەو خۆپێشاندانە كەوتە بەر پەلاماری هێزە بەناو ئینتیزامییەكانی ڕێژیمو ژمارەیەك لە خۆپێشاندەران دەسگیرو زیندانی كران.

ــ مانگرتنی٥ رۆژەی ئەندامانی شوورای ناوەندیی دەفتەری تەحكیمی وەحدەت لە رۆژی ٥ی پووشپەڕەوە بۆ پێڕاگەیشتن بە وەزعییەتی خوێندكارانی سیاسیی بەندكراو.

ــ خۆپێشاندانی دەیان هەزار كەسیی خوێندكارانی ئێران لە شارەكانی تارانو ئیسفەهان لە رۆژی ١٨ی پووشپەڕ، ساڵرۆژی سەركوتكرانی خوێندكاران لە پووشپەڕی ٧٨ دا. ئەو خۆپێشاندانانە لەلایەن هێزەكانی ڕێژیمەوە سەركوت كرانو سەدان خوێندكاریش دەسگیر كران.

ــ خۆپێشاندانی هەزاران كەسیی كرێكارانی كارخانەی نەساجیی قائیمشەهر لە رۆژی ٥ی گەلاوێژ دا بە نیشانەی ناڕەزایەتی لە دەركرانی ٦٠٠ كەس لەكرێكارانی ئەو كارخانەیە كە رابردوویەكی ٢٠ ساڵەیان هەبوو.

ــ خۆپێشاندانی كرێكارانی كارخانەی كشمیری شاری كرماشان لەرۆژی ٣ی خەرمانان بەدژی پێشێلكرانی یاساكانی كار.

ــ خۆپێشاندانی چەند هەزار كەسیی خەڵكی شاری مەهاباد لە رۆژی ١٨ی خەرمانان بە دوای كوژرانی ٣ كاسبكاری كورد بە دەستی هێزە دژیگەلی‌یەكانی كۆماری ئیسلامی. ئەو خۆپێشاندانە بە توندی سەركوت كراو ژمارەیەكی بەرچاو لە خۆپێشاندەران زیندانی كران.

ــ خۆپێشاندانی كرێكارانو كارمەندانی شیركەتی لوولەسازیی خوزستان لە رۆژی ٢٠ی رەزبەر.

ــ خۆپێشاندانی خوێندكارانی زانكۆی بووعەلی سینای هەمەدان لە رۆژی ٢٠ی رەزبەر.

ــ خۆپێشاندانی خوێندكارانی ئێران لەدژی دەرچوونی حوكمی ئیعدامی هاشمی ئاغاجەری لەزۆربەی زانكۆكانی ئێران لە مانگی خەزەڵوەرو سەرماوەزدا. ئەو خۆپێشاندانانە كە بۆ ماوەی زیاتر لە سێ حەوتوو لە شارەكانی تاران، شیراز، مەشهەد، كرماشان، یاسووج، زابول، قوم، ئەهواز، ئیسفەهان، تەورێز بەڕێوەچوون، كەوتنە بەر پەلاماری هێزە ئەمنییەتییەكانی ڕێژیمو سەدان كەس لە خوێندكارانیش دەسبەسەر كران.

ــ خۆپێشاندانی بەرینی جەماوەری خەڵك لە شاری كونارەكی سیستانو بەلووچستان.

ــ خۆپێشاندانی هەزاران كەسیی خەڵكی ئێران لە شارەكانی تاران، مەشهەد، ئیسفەهان، شیرازو ئەهواز لە چوارەمین ساڵڕۆژی تیرۆری فرووهەرەكان لە مانگی بەفرانباردا.

ــ خۆپێشاندانی ئیعترازیی خەڵكی پیرانشار بە دژی جینایەتەكانی ڕێژیم لە كوردستان بە دوای كوژرانی كاسبكارێكی كورد بەناوی برایمە رووت.

ــ بەرەنگاربوونەوەی لاوانی شاری كرماشان لەگەڵ بەكرێگیراوانی ڕێژیم لەكاتی شەلاخ لێدانی دوو لاو لە رۆژی ٣ی بەفرانبار دا.

ــ ئاڵۆزی‌و شێواویی شاری ئەهواز بۆ ماوەی دوو حەوتوو و خۆپێشاندانی ئیعترازیی خەڵك بەدژی كردەوەكانی ڕێژیم لەمانگی بەفرانباردا.

ــ خۆپێشاندانی كرێكارانی كارخانەی چنینی گیلانو درەخشانی شاری یەزد لەرۆژی ٤یبەفرانبار دا.

ــ خۆپێشاندانی كرێكارانی كارخانەی لوولەسازیی ئەهواز لە رۆژی ١٥ی بەفرانباردا.

ــ مانگرتنی كرێكارانی كارخانەی قەندی میاندواو لە رۆژی ١١ی سەرماوەزدا.

ــ خۆپێشاندانی سێ رۆژەی خوێندكاران لە رۆژی ١٦ی سەرماوەز (رۆژی خوێندكار) تا ١٩ی سەرماوەزدا.

ــ خۆپێشاندانی خوێندكارانی زانكۆی ئیسفەهان لەرۆژی ١٩ی سەرماوەزدا.

ــ خۆپێشاندانی خوێندكارانی زانكۆی كرمان لە رۆژی ٢٣ی سەرماوەز كە تێیدا ٢٣ خوێندكار گیرانو زیندانی كران.

ــ مانگرتنی خوێندكارانی زانكۆی عیلمو سەنعەت لە رۆژی ١ی بەفرانبار) بۆ ماوەی ٣ رۆژ لەدژی حوكمی دەركردنی ژمارەیەك لە خوێندكارانی ئەو زانكۆیە.

ــ خۆپێشاندانی خەڵكی شاری "گرمە" بۆ ماوەی ٤ رۆژ (١٢ ـ ١٦ی بەفرانبار) لە ئیعتراز بە رەفتاری ڕێژیم.

ــ خۆپێشاندانیهەزاران كەسیی خەڵكی "بندرخمیر" بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی لە جینایەتەكانی ڕێژیم لەمانگی ڕێبەندان دا.

ــ خۆپێشاندانی بنەماڵەی زیندانییەكانو ژمارەیەكی بەرچاو لەخەڵكی تاران لە بەرامبەر هوتێلی لالە، شوێنی مانەوەی پشكنەرانی مافی مرۆڤی سەر بە ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان.

- **ئاكامی راپرسی‌یەكان:**

ئاكامی راپرسی وەك ئیرادەو باوەڕی خەڵك سەبارەت بە كێشە كۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌یەكان نموونەیەكی دیكەی گەشەسەندنی بزووتنەوەی ئیعترازیی گەلانی ئێرانە.

ــ لە ئاكامی راپرسی‌یەك لە شاری تاران كە لە رۆژی ٢٣ی خاكەلێوەدا ئاكامەكەی بڵاو بۆوە، ٨٤٪ی بەشداران رایان وابوو كە لە سیستمی ئیداری‌و دەوڵەتی ئێران دا رەوابیەت جێگای زەوابیتی گرتۆتەوە. ٩٥٪ی بەشداران دەڵێن گیروگرفتی لاوان بەردەوام لەزیادبوون دایەو لە سایەی حاكمییەتی ڕێژیمەوە پێوەندییە كۆمەڵایەتی‌یەكان زۆر زۆر لاواز بوونو ٦٦٪ی بەشداران دەڵێن رێزگرتن لە یاساكان رۆژ بە رۆژ زیاتر لە كزی دەدا.

ــ لە ئاكامی راپرسی‌یەك كە لە رۆژی ١٥ی پووشپەڕ لە رۆژنامەی "نوروز"دا بڵاو بۆوە، دەركەوت كە ٥٥٪ی بەشداران بۆچوونەكانی خاتەمی بۆ ئەو جۆرە پێكەوە هەڵكردنە رەت دەكەنەوەو ٩٤٪ی بەشداران خوازیاری گۆڕانی وەزعی ئێستان.

ــ ئاكامی راپرسیی ناوەندەكانی "میللی توێژەری بیروڕای گشتی"و "دامەزراوی توێژینەوەی كۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگیی خیرەد"و "ئایەندە" دەری خست كە ٧٥٪ی خەڵكی ئێران بە پێچەوانەی ویستی ڕێبەرانی نیزام خوازیاری وتوویژ لەگەڵ ئەمریكانو خامنەیی ڕێبەری نیزام بەدناوترین، دزێوترینو بێزراوترین كاربەدەستی سیاسیی ئێرانە.

ــ ئاكامی راپرسی‌یەك لە شاری ئیسفەهان نیشانی دا كە ٨٥٪ی خەڵك بەداخن لەوەی كە لە شۆڕشی ساڵی ٥٧دا بەشدار بوون. هەروەها گوتوویانە كە زۆر پەژیوانن لەوەی لە شەڕی هەشت ساڵەو شەڕی دژی خەڵكی كوردستان دا بەشدارییان كردوە.

ـ شەمخانی وەزیری بەرگری لە مەجلیس لە مانگی ڕێبەنداندا ئاماژە بە ڕاپرسی‌یەك دەكاو دەڵێ كە٧٣٪ ی خەڵكی ئێران هەست بە ئاسایشو ئەمنییەت ناكەنو ٧٥٪ ی بەشداران ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان وەك ڕێژیمێكی زاڵم، سەركوتكەرو چەوسێنەر ناو بردوە.

- **نامە سەر ئاوەڵاكان لە پێوەندی لەگەڵ دەربڕینی ناڕەزایەتی‌دا:**

ـ نامەی دەست لە كار كێشانەوەی ئایەتوڵڵا تاهیری ئەندامی مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری كە پەردەی لە سەر كردەوەو جینایەتەكانی ڕێژیم لادا.

ـ نامەی سەر ئاوەڵای ٤٣١ چالاكی فەرهەنگی‌و سیاسی بۆ سەرۆكی هەر سێ هێزی ڕێژیم لە رۆژی ٢ی خەزەڵوەردا.

ـ نامەی ئیعترازیی پارلمانی دانمارك‌و دەركردنی ڕاگەیەنداوێك لە دژی پێشێلكردنی مافی مرۆڤ لە لایەن ڕێژیمەوە لە رۆژی ٢٤ی خەزەڵوەردا.

ـ نامەی سەر ئاوەڵای ١٣٤ رۆژنامە نووس لە دژی سەركوتی چاپەمەنی‌و حوكمی ناجوامێرانەو ناڕەوای داسەپاو بە سەر رۆژنامەنووساندا.

ـ نامەی سەر ئاوەڵای قاسم شوعلە سەعدی لە رۆژی ١٦ی سەرماوەزدا... و نامەی سەر ئاوەڵای ئیعترازی تاك‌و تەراو جۆراوجۆر لە لایەن كەسایەتی‌یە سیاسی، فەرهەنگی‌و زیندانی‌یە سیاسی‌یەكانەوە.

## درێژەی سەركوتو توندو تیژی دژی هەڵسووڕاوانی سیاسی‌و رۆژنامەنووسان

ڕێژیم لە ساڵی رابردوودا بە كەڵك وەرگرتن لەو هێزو دەسەڵاتەی بە ناڕەوا لە پاوانی خۆی گرتوە، توندو تیژتر لە ساڵان درێژەی بە سەركوتو زەبرو زەنگ دا و بەمجۆرە دەیان پەڵەی نەنگ‌و ریسوایی دیكەی لە كارنامەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا تۆمار كرد كە لێرەدا بە كورتی ئاماژە بە بەشێكیان دەكرێ.

## درێژەی بەڕێوەبردنی حوكمی ئیعدام بەتایبەت ئێعدامی زیندانیانی سیاسی:

ـ ئیعدامی ٦ كەس لە رۆژی ٥ی بانەمەڕ، حەوتوویەك دوای مەحكووم نەكرانی ڕێژیم لەلایەن كۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە.

ـ ئێعدامی ٥ كەس لە رۆژی ٧ی رەزبەر لە شاری تاران.

ـ ئێعدامی هەمزە قادری، خالید شەوقی، سالح گوودەرزی‌و جەلیل زێوەیی چوار تێكۆشەری دێموكرات لە رۆژی ١٥ی رەزبەردا.

ـ ئێعدامی حەبیب الله تەنهائیان خەڵكی شاری سنەو ئەندامی حیزب.

ـ ئێعدامكردنی ساسانی ئالی كەنعانو محەممەدی گولابی لە هەڵسووڕاوانی سیاسیی كوردی نەیاری كۆماری ئیسلامی.

پێویستە بگوترێ كە مەحكووم نەكرانی كۆماری ئیسلامی بۆ یەكەم جار پاش ٢٠ ساڵ مەحكوومییەتی یەك لە دوای یەك لە لایەن كۆمیسیۆنی مافی‌مرۆڤەوە بوو بەهۆی ئەوەی ڕێژیم بێ دڵە خورپەودڵەڕاوكێ‌و بەبێ‌ترس لە چاوەدێریی ڕێكخراوە مرۆڤدۆستەكان درێژە بە ئێعدامی نەیارانی خۆی لە ژێر ناوی جۆراوجۆردا بدا.

- **سەركوتی چاپەمەنی‌و گیرانی رۆژنامە نووسان:**

سەركوتی چاپەمەنی‌و ڕاگەیاندنی ئازادو هەروەها لەمەیدان دەركردنو گرتنو زیندانی كردنی رۆژنامەنووسانی ئازادو بوێر وەك سیاسەتی ڕەسمی‌و چەسپاوی ڕێژیم لەوساڵیشدا بە شێوەیەكی بەربڵاو درێژەی هەبوو. دەیان رۆژنامەنووس‌و وەكیلی دادگوستەری بە بیانووی سەیرو سەمەرەو تاوانی لە پێشدا دیاریكراوی وەك چالاكی دژی ئەمنییەتی میللیی وڵات، شێواندنی بیروڕای گشتی‌و هەڵبەستنی درۆودەلەسە بۆ بەرپرسانی نیزام!، بۆدادگا ڕەپێچەك درانو بەدوای موحاكەمە كردنیان لە دادگا بێ سەڵاحییەتەكانیان دا سزایان بە سەردا سەپاو ڕەوانەی زیندان كران.

بانگ كرانی بێهزادی نەبەوی بۆ دادگا لە رۆژی ٢٨ی خاكەلێوە، سەپاندنی حوكمی٥ ساڵ زیندانو ٥٠ زەربە شەللاق بە سەر دوكتور ناسر زەر ئەفشان، وەكیلی بنەماڵەی قوربانییانی قەتڵە زنجیرییەكان، مەحكووم كردنی سیامەك پوورزەند بە ٨ ساڵ زیندانو دواجار ١١ ساڵ زیندان، سەپاندنی حوكمی ٥ ساڵ زیندانو ١٠ ساڵ مەحروومییەت لە وەكالەت بە سەر" محەممەدعەلی دادخا" وەكیلی زیندانی‌یەكانی نێهزەتی ئازادی، گیرانی عەبباسی عەبدی، بانگ كرانی هاشمی ئاغاجەری بۆ دادگاو دواجار سەپاندنی حوكمی ئێعدام، ڕفاندنو دەستبەسەر كردنی عەلیرەزا جەباری، ئەندامی كانوونی نووسەران (٨ی بەفرانبار)، گیرانی سیامەك تاهیری نووسەری ئەدەبیاتی منداڵان(١ی ڕێبەندان)، گیرانی عەلیرەزا ئەشراقی بە تاوانی بڵاو كردنەوەی كاریكاتۆرێك(٢١ی بەفرانبار)، زیندانی كرانی موحسنی سازگارا (٢١ی ڕێبەندان)، گیرانو دەستبەسەر بوونی ٥ رۆژنامە نووسی گۆڤارە سینەمایی‌یەكان: كامبیزكاهە، سەعید موستەغانی، محەممەدی عەبدی، ئەمیر عیززەتی‌و یاسەمەنی سۆفی‌و هەروەها گیرانی محەممەد خەلیلی ئەندامی كانوونی نووسەران(٣ی رەشەمە) و دەستبەسەر كرانی قاسمی شوعلە سەعدی لە رۆژی ٥ی رەشەمەدا، نموونەی بەرچاوی كردەوەكانی دەزگای قەزایی ڕێژیمن. هەر لە ساڵی ڕابردوودا رۆژنامەكانی"حەیات نو"،"ئاوای فەمین"،"هەمشەهری" (بۆ ماوەی ١٠ رۆژ)،" ئازاد"،"نەورۆز"،"رۆژی نەو"(یش لە دەرچوونی یەكەم ژمارەی)،" خەزەر" (بۆ ماوەی ١ مانگ)و"عارفی قەزوین"،"حدیسی قەزوێن"،"گولستان"،"نامەی قەزوین"و"وەقت" داخراون، سەرپەرەستو سەر نووسەرەكانیان بۆ دادگا بانگ كراونو بە دانی جەریمەو بێبەش كران لە كاری رۆژنامەنووسی‌و زیندان مەحكووم كراون. پێویستە ئەوەش بگوترێ كە ڕێكخراوی هەواڵنێری بێ سنوور بەردەوام بە دەركردنی ڕاگەیەنداو كردەوەكانی دەزگای قەزایی ڕێژیمی مەحكووم كردوە. ویرجینیا لۆكاسۆل، بەرپرسی دەفتەری رۆژهەڵاتو رۆژئاوای هەواڵنێرانی بێ سنوور لە ڕاگەیەنداوێكدا ئاماژەی بە داخرانی ٨٦ رۆژنامەو بڵاوكراوەی لە ماوەی ٣ ساڵی رابردووو بێكار بوونی ١٨٠٠ رۆژنامە نووس‌و كادری فەننی رۆژنامەكان بە دەستووری دەزگای قەزایی ڕێژیم كردوەو گوتوویەتی:"لەم وڵاتەدا حەوتوویەك نیە رۆژنامەنووسێك نەگیرێ‌و موحاكەمە نەكرێ‌و مانگ نیە رۆژنامەیەك دانەخرێ، ئەوە لە ئێرانی ئەورۆدا بۆتە ڕەوتێكی ئاسایی." هەروەها ڕێكخراوی هەواڵنێرانی بێسنوور ساڵی رابردوو لە ڕاگەیەنداوێكدا خامنەیی، ڕێبەری ڕێژیمی لە ریزی ئەو ٣٨ كەسە لە ڕێبەرانی جیهاندا هێنا كە دوژمنایەتیی چاپەمەنی‌و ڕاگەیاندنی ئازاد دەكەن.

## جێگەی ئێران لە هاوكێشە جیهانی‌و گۆڕانكاری‌یەكانی ناوچەكەدا

كۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئاكامی سیاسەتە هەڵەو چەوتەكانی كە بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ ڕێوشوێنو پرنسیپە نێونەتەوەیی‌یەكاندا یەك ناگرنەوە، ساڵی رابردوو بەرەو تەریك كەوتنەوەی زیاتر چوو.

هەر لە سەرەتای ساڵی ٨١ واتە ٢١ی خاكەلێوەدا ڕێكخراوی نێونەتەوەیی لێبووردن ڕای گەیاند كە كۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئێعدام كردنی ١٣٩ كەس لە ساڵی ٨٠ دا پلەی دووهەمی لە بەڕێوە بردنی سزای ئێعدامدا لە

بۆ لاپەڕی ١١

# سەرکوتی توندوتیژو بەرەنگاربوونەوەی ڕەوا

**ع. رەهنموون**

سـەر لـە ئێـوارەی شـەممە ١٦ی رەشـەمەی ١٣٨١، هاوڕێی تێکۆشەر عەبدوڵڵا حەسەنزادە سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لـە مـیزگردێکدا کـە لـە لایـەن رادیـۆی "فردا"وە بۆ تاوتوێکردنی گۆڕانکاری‌یەکانی ئەم دوایانەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست‌و ڕووداوە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێران پێـك هـاتبوو، بەشداری کردو وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە. لەم مێزگردەدا جگە لە سکرتێری گشـتیی حیـزب، بەڕێزان عەبدوڵڵا موهتەدی سـکرتێری گشـتیی ڕێکخـراوی شۆڕشـگێڕی زەحمەتکێشـانی کوردستان (کۆمەڵە)و ئەحمـەدی زەیدئابـادییش وەك ڕۆژنامەنووسـی سـەربەخۆ لـە تارانـەوە بەشدارییان کردبوو.

فـەرەیدوونی زەرنیگـار، کـە بەڕێوەبـەری مێزگردەکە بوو لە پێشەکی‌یەکی کورتدا گوتی: "لە هەفتـەی رابـردوودا مەسـەلەی کوردسـتان بووە هۆی مشتومڕی نێوان هێزە سیاسی‌یەکانی کورد لە لایەك‌و حکوومەتی کۆماری ئیسـلامی لە لایەکی دیکەوە، بۆیە ئـەو مەسـەلەیە بـووە ناوەندی ڕووداوە سیاسی‌یەکان.

ئیعدامی دوو لاوی کورد لە شارەکانی سنەو سەقز، ڕێنـەدان بـە کارناسـانی مـافی مرۆڤـی سـەربە ڕێکخـراوی نەتەوەیـەکگرتووەکان بـۆ سەردانی زیندانەکانی کوردسـتان‌و لـە هـەموان گرنگـتر قـەیرانی عـێراق‌و ئەگـەری هێرشـی ئامریکا بۆ سەر ئەم وڵاتـەو هـاتنی ئەرتەشـی تورکیە لە ژێـر تیشـکی وەهـا هێرشـێکدا بـۆ عـێراق، لـەو هۆکارانـە بـوون کـە سـەرنجی چـاوەدێرانی سیاسـییان بـۆ لای بـارودۆخی سیاسیی کوردستانی ئێران ڕاکێشا."

فەرەیدوونی زەرنیگار، ئامانجەکانی کۆماری ئیسلامیی ئـێرانی لـە گرتنەپێشـی سیاسـەتی سەرکوت لە کوردستانی ئێراندا هێنایە گۆڕێ تا بەشداران بۆچوونەکانی خۆیان لەو پێوەندی‌یـەدا بخەنـەڕووو گوتـی: "کۆمـاری ئیسـلامی ئـەوە دەکاتە بیانوو کە هێزە چەکدارەکانی کوردسـتان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی‌دا بە شێوەی چەکدارانە بەربەرکانێ دەکەن‌و هێزە چەکدارەکانی کورد لە وەڵامـی ئـەم پاساوەدا دەڵێـن کـە خـەباتی چەکدارانە بەسەر کوردەکاندا داسەپاوە."

سکرتێری گشتیی حیـزب لـەم پێوەندی‌یـەدا بـەڕوونی‌و بـە بـێ هیـچ جـۆرە تـەمومژێك سیاسەتەکانی حـیزبی دێموکراتـی کوردسـتانی ئـێران‌و هـەروەها هـۆی گرتنەپێشـی خـەباتی چەکدارانـەی لـە لایـەن حیزبەکەمانـەوە شـی کـردەوەو جـەختی کـردەوە لەسـەر ڕەوابوونـی بـەرخۆدان‌و بەرەنگاربوونـەوەی چەکدارانـەی حیزبەکەمان لـە بەرامبـەر هێرشـی سـەربازی‌و سەرکوتکەرانەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێراندا:

"حیزبی دێموکراتـی کوردسـتانی ئـێران لـە سـەرەتای دامەزرانیـەوە تـا ئێسـتا، بـەردەوام خوازیـاری خـەباتی سیاسـی‌و مـەدەنی بـووەو خەباتی چەکدارانـەی تـەنیا وەك شـێوازێك لـە خەبات چاو لـێ کردوە کە دەسەڵاتی دژی گەلی لە هێرشی نیزامی بـۆ سـەر کوردسـتان بەسـەر حیزب‌و خەڵکی کوردستاندا سەپاندویەتی."

هـاوڕێ سـکرتێری گشـتیی حـیزب، بـۆ سەلماندنی ئەم ڕاستی‌یە کـە حیزبەکـەمان هیـچ کات خـەباتی چەکدارانـەی وەك تـەنیا ڕێگـەو دوایین شـێوەی خـەبات لـە قەڵـەم نـەداوە، هەڵبژاردنـەکانی مەجلیسـی شەشـەم‌و دەورەی یەکـەمی شـووراکانی شـارو گونـدی وەك نموونەگـەلێکی عـەینی‌و بێ‌تـەمومژ لـە سیاسەت‌و کردەوەی بەرپرسـیارانەی حـیزبی دێموکرات بە نموونە هێنایەوەو گوتی:

"هەرکات دەرفەتێکی لەبار بـۆ خـەباتی سیاسـی‌و ئاشـتیخوازانە ڕەخسـا بـێ، حیزبەکەمان پێشوازیی لـێ کردوەو تەنیا لـە هەلومـەرجێکدا دەسـتی داوەتـە چـەك کـە بەرەنگاربوونەوەی ڕەوا لە بەرامبەر هێرشـی نیزامی‌دا سەپاندویەتی. چونکـە لـە دەورەی شەشەمی هـەڵبژاردنی مەجلیسـی شـوورای ئیسـلامی‌و دەورەی یەکـەمی هـەڵبژاردنی شووراکاندا کەشو هەوایەکی ڕێژەیی گونجابوو بۆ هەڵبژێرانی ئەو کەسانەی کە لە پاڵوێنـەی شـوورای نیگابانـەوە هاتبوونـەدەر ـ نـەك تـەواوی کاندیداکـان ـ حـیزبی دێموکراتـی کوردستان هەرچەند بە شێوەی ڕاستەوخۆ لـە هەڵبژاردندا بەشداریی نەکرد، بەڵام خـەڵکی بۆ بەشداریکردن لەو هەڵبژاردنانەدا هـان دا. . . . حیزبی دێموکرات داوای لە خەڵك کرد کـە بـە دوور لـە دەسـتەبەندی‌یەکانی نێـو حاکمییـەت دەنـگ بـە کـاندیدا باوەڕپێکراوەکانی خۆیـان بـدەن. بـەڵام دوای ئەوەی کە بـۆ خـەڵك ئاشـکرا بـوو کـە لـە حکوومـەتی کۆمـاری ئیسـلامی‌و لـە چوارچێـوەی فەلسـەفەی ویلایـەتی فەقیـهدا بوارێك بۆ چەسپانی دەنگ‌و بۆچوونی خـەڵك نەماوەتـەوە، حیزبەکـەمان داوای کـرد کـە هـەڵبژاردنی دەورەی دووهـەمی شـووراکانی شارو گوند تەحریم بکەن."

سـکرتێری گشـتیی حیـزب لـە درێـژەی مێزگردەکەدا جەختی لەسـەر ئـەو ڕاسـتی‌یە کردەوە کە حـیزبی دێموکراتـی کوردسـتانی ئێران هەرگیز خەباتی چەکدارانەی وەك تەنیا شـێوازی خـەبات لەقەڵـەم نـەداوە، بـەڵکوو هەرکاتێ کە هەلومەرجی خـەباتی سیاسـی‌و ئاشتیخوازانە ڕەخسابێ، لـە نێـوان خـەباتی سیاسی‌و ئاشتیخوازانەو خەباتی چەکدارانەی توندوتیژدا، خەباتی سیاسی‌و ئاشتیخوازانەی هـەڵبژاردوە. هـەروەها سـکرتێری گشـتیی حیزب پێی لەسەر ئەوە داگـرت کـە حـیزبی دێموکراتـی کوردسـتانی ئـێران خـەباتی چەکدارانـە بـە شـێوەیەکی گشـتی ڕەت ناکاتەوە، چونکـە ڕەتکردنـەوەی بێ‌ئـەملاو ئەولای ئەو شێوەیە لە خەبات دەبێتـە هـۆی ئەوە کـە کۆمـاری ئیسـلامی بـە بـێ هیـچ لەمپـەرێك کـردەوە سـەرکوتکەرانەو توندوتیژەکانی خۆی زێدەتر بکـاو سـنوورێك بۆ کردەوە دژی ئینسانی‌یەکانی خۆی دانەنێ:

"حیزبی دێموکراتـی کوردسـتانی ئـێران هەمیشە خەباتی سیاسـی‌و ئاشـتیخوازانەی خسـتۆتە پێـش خـەباتی چەکدارانـەو توندوتیژەوەو ئێستاش لەسەر ئەو بڕوایەیـە، بەڵام تا کاتێ مەترسیی هێرشی نـیزامی بـۆ کوردستان‌و سـەرکوتی توندوتیـژی ویسـت‌و داخوازەکانی خەڵك لە لایەن فـەرمانڕەوایانی ئێرانەوە لەگۆڕێدا بـێ، حـیزبی دێموکراتـی کوردسـتانی ئـێران خـەباتی چەکدارانـە بـە تەواوی ڕەت ناکاتـەوە، چونکـە بـە بـاوەڕی ئێمە ڕەتکردنەوەی ڕەهای خەباتی چەکدارانە دەبێتە هۆی زێدەبوونی سەرەڕۆیی‌و کۆماری ئیسـلامی لـە سـەر کـردەوە سـەرکوتکەرو توندوتیژەکانی خۆی سوورتر دەکا."

شتێك کە لـەم مـێزگردەدا جێگـای سـەرنج بوو، بەشداریی ئەحمـەدی زەیدئابـادی بـوو کـە نـاوبراو زیـاتر وەك ڕۆژنامـەڤانێکی جیابـیرو لێکۆڵـەرێکی سـەربەخۆی مەسـایلی سیاسـیی ئێران ناسراوە. چونکـە تـا ئێسـتا بـە دەگمـەن هەڵکەوتوە کە ڕووناکبیرانی فارسی نیشـتەجێی ئێران لە مـێزگردێکدا بەشـدار بـن کـە تێـی‌دا ڕێبەرانی ڕێکخراوە سیاسـی‌یەکانی کوردسـتانی ئێرانیش بەشـدار بووبێـتن کـە ئەمـە بـۆ خـۆی دیاردەیەکی نوێ‌یەو وەك هەنگاوێکی پۆزەتیـڤ هەڵدەسەنگێندرێ‌و وەها هەنگاوگەلێك دەتوانن دەروازەکـانی گفتگـۆو دیـالۆگ لـە نێـوان ڕووناکبیرانی کوردو ڕووناکبیرانی ئێرانی‌دا بخەنە سـەر پشـت. هیواداریـن لـە داهـاتوودا هەلومەرجێك بێتە کایەوە کە هەردوولا بتوانـن بیرو بۆچوونـەکانیان بخەنـە ڕووو ئـەم دیالۆگـە بتوانێ ڕێگای لێکگەیشتنی زیاتر خـۆش بکـاو پەردە لەسەر ڕاستی‌یە سیاسی‌یەکانی پێوەندیدار بە کوردستان‌و کێشەی کورد، هەڵ بداتەوە.

بـەڵام بـەڕێز زەیدئابـادی لـەو مـێزگردەدا چاوپۆشـی لـە زۆرێـك لـە ڕاسـتی‌یە پێوەندیدارەکـانی ئـێران‌و کوردسـتان کـرد کـە لێرەدا هەندێ لەو ڕاستییانە تاوتوێ دەکەین.

زەیدئابادی لە سەرەتای لێدوانەکـەی خـۆی‌و لە وەڵامی پرسیاری "هۆی پەرەسەندنی شەپۆلی سەرکوت‌و ئیعدامی زیندانیانی سیاسیی کـورد لەم چەند مانگـەی دوایـی لـە لایـەن کۆمـاری ئیسـلامی‌یەوە" بـە خەمسـاردی‌یەکی تـەواوە گوتی:

"من لە سەر ئەو باوەڕەم کـە هیـچ چەشـنە توندوتیژی‌یەك دژی گەلێکی تایبەت لە سـەروو هەموانەوە دژی کورد بوونـی نیـەو تـا ئێسـتا ڕووی نەداوە. هەروەك دەزانن لـە ئـێران شـەڕی دەسەڵات لە گۆڕێ دایەو بەشێك لە حکوومـەت دژی هێزە ریفۆرمخوازەکان ـ جـا سـەر بـە هـەر گەلێك بن ـ توندوتیژی دەنوێنێ. . . . ئەمـە لە کاتێك دایە کە هـەزاران فـارس لـە گۆشـەو کەناری وڵاتدا زیندانی کراون. کەواتە من پێـم وانیە کە ئەمە قۆستنەوەی هەل بێ کـە ئەگـەر ئەندامێکی کۆمەڵە لە هەلومـەرجێکدا ئیعـدام بکرێ، نابێ وەك کردەوەیەکی دژی کـوردان لـە قەڵەمی بدەین."

ئەو دەرەنجامەی کە لە وتەکانی زەیدئابـادی وەردەگیرێ، ئەوەیە کە فشـار لـە سـەر هـەموو خەڵکی ئێران بەیـەك ئەندازەیـەو لـەم بـوارەدا هەلومەرجێکی هاوچەشن لە تەواوی ناوچـەکانی وڵاتدا بوونـی هەیـە. سـەرنجی ئاغـای زەیدئابـادی‌و هاوبیرەکـانی بـۆ ئـەم ڕاسـتی‌یە ڕادەکێشین کە ئێمەش هاودەنگین لە گەڵتدا کـە تەواوی خەڵکی ئێران بە دەست ئەم ڕێژیمە سەدە ناوەڕاستی‌یەوە ئێش‌و ئـازار دەچێـژن‌و مافـە تاکەکەسـی‌و کۆمەڵایەتی‌یـەکانیان پێشـێل دەکرێن، بەڵام کوردەکان لەگەڵ ستەمی دووقاتی مافەکانیاندا دەستەو یەخەن. بەم مانایە کە لە لایەکـەوە مـاف‌و ئازادی‌یـە تاکەکەسـی‌و کۆمەڵایەتی‌یـەکانیان وەك تـەواوی هاونیشـتمانانی وڵات پێشـێل دەکرێـن‌و لـە لایـەکی دیکـەوە لـە مافـە سروشـتی‌و ڕەوا نەتەوایەتی‌یەکان بێبەش کراون. بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستی‌یەش پێویست ناکـا کـە بەڵگـەی ئاڵۆزو ئینتیزاعی بهێنینەوە، چونکە ئەگـەر بـەخێرایی چـاوێك بـە مێـژووی خـەباتی نەتـەوەی کـورد لـە کوردسـتانی ئـێراندا بخشێنین، بـەڕوونی بۆمـان دەردەکـەوێ کـە زیاتر لە نیـو سـەدەیە ویسـت‌و داخوازی‌یـە نەتەوەیی‌یـەکانی ئـەم گەلـە لـە لایـەن حکوومەتـە ناوەندی‌یـەکانی ئێرانـەوە بـە توندوتیژتریـن شـێوە سـەرکوت دەکرێـن. تەنانەت دەتوانین بێژین کە پێویست ناکا بـۆ ڕوونکردنـەوەی ڕاسـتی‌یەکان زەحمـەتی خوێندنـەوەی مێـژووی خـەباتی ئـەم گەلـە بەشـخوراوە بـە خۆتـان بـدەن، چونکـە کوردستان لە پاڵ دەسـتتان دایـە. دەتوانـن چـەند ڕۆژێـك لـە شـارەکانی کوردسـتاندا بمێننـەوەو بـە گوێـی خۆتـان ویسـت‌و داخوازی‌یەکانی خەڵکی کـورد ببیسـتن‌و بـە چـاوی خۆتـان سـەرکوتی ڕۆژانـەی داخوازی‌یـەکانی نەتـەوەی کـورد لـە لایـەن هێزە بەناو ئینتیـزامی‌و ئەمنییەتی‌یـەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە ببینن. ئیعدامی ١٥ خـەباتگێڕی کـورد لـە زیندانـە ڕەشـەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چـەند مـانگی رابـردوودا کـە زۆربـەیان ئـەندامی حـیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوون، ئاماژەیە بـۆ چ ڕاسـتی‌یەك؟ ئـەوان بـە تـاوانی ئـەندامبوون لـە ڕێکخـراوە سیاسـی‌یەکانی کـورددا ئیعـدام کـران. ڕێکخـراوە سیاسـی‌یەکانی کـورد داوای چـی دەکـەن؟ ئـەوان خوازیـاری بـەڕەسمی ناسـرانی مافـە نەتەوایەتی‌یەکانی خۆیـانن لـە چوارچێـوەی ئـێراندا. کۆمـاری ئیسـلامی ئیعدامیـان دەکـا، واتـە وەڵامـی ویسـت‌و داخـوازە سیاسـی‌یەکانی ئـەوان بـە سـەرکوت‌و توندوتیـژی دەداتـەوە. دەرەنجـامێکی لۆژیکی‌و سادە کـە لـەم پێشـەکییانە دێتـە دەسـت، بریتی‌یـە لـەم ڕاسـتی‌یە کـە لـە کوردسـتانی ئـێراندا مەسـەلەیەك بـەناوی "پرسی کورد" وەك واقعییەتێکی عـەینی‌و بەرچاو بوونی هەیە کە کۆماری ئیسلامی بە شـێوازی جۆراوجـۆر دوژمنایـەتیی دەکـا. کەواتە چۆن جـەنابتان بـە خەمساردی‌یەوە دەڵێن کە "من لەسەر ئەو بـاوەڕەم کـە لـە بنەڕەتدا هیچ چەشـنە توندوتیژی‌یـەك دژی نەتەوەیەکی تایبەت لـە سـەروو هەموانـەوە دژی نەتەوەی کورد بوونی نیە"!

خاڵێکی دیکە کە لــە وتـەکانی ئاغـای زەیدئابادی‌دا سەر سووڕهێنەرەو لـە هـەمان کاتیشدا جێی داخە ئەوەیە کە دەڵێت:

"هـەروەك دەزانـن لـە ئـێراندا شـەڕی دەسەڵات هەیەو بەشێك لە حکوومەت دژی هێزە ریفۆرمخوازەکان توندوتیـژی دەنوێنـێ، بەبێ جیاوازی لە نێو نەتەوەکاندا"!

لـەم وتەیـەشدا ئاغـای زەیدئابـادی کەوتۆتە هەڵەیـەکی بنەڕەتی‌یـەوە، چونکـە ئەو دانی پێدا نانێ یان باوەڕی نیـە کـە لـە ئێراندا مەسەلەیەك بە نێو مەسەلەی کـورد بوونـی هەیـەو تـەواوی کـردەوە سەرکوتکەرانەکانی ڕێژیم لە کوردستاندا تـا ئاستی کێشەکانی نێو قۆڵەکانی حکوومـەت دادەبەزێنن‌و ئەو سەرکوتانە دەبەستێتەوە بە شـانۆی شـەڕی دەسـەڵاتەوە. لـە کـاتێکدا مەسـەلەی کـورد لـە کوردسـتانی ئـێراندا مەسـەلەیەکی "کـاتی" نیـەو تەمـەنی سەرهەڵدانی مەسـەلەیەك بـە نـاوی مەسـەلەی کورد، زۆر زیاترە لـە تـەواوی ژیـانی سیاسـیی کۆمـاری ئیسـلامی‌و لانیکـەم زیـاتر لـە نیـو سەدەیە کە ئەم مەسـەلەیە مـاتۆڕی بزوێنـەری گۆڕانکاری‌یە سیاسی‌یەکانی کوردستانی ئێرانەو وەك بنەڕەتی‌ترین ویسـت‌و داخوازیـی نەتـەوەی کورد لـە کوردسـتانی ئـێراندا، ڕەوایـی خـۆی سەلماندوە. شرۆڤەکردنی هۆکارەکانی سـەرکوتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، لە چوارچێوەی مشتومڕی قۆڵـەکانی نێـو دەسـەڵاتی کۆمـاری ئیسلامی‌دا، هەرگیز ناتوانێ بۆ نەتەوەی کوردو ڕێکخـراوە سیاسـی‌یەکانی‌و هیـچ چـاوەدێرو کارناسێکی مێـژووی خـەباتی نەتـەوەی کـورد لێکدانەوەیەکی ڕاسـت‌و دروست بـێ. چونکـە مشـتومڕی قۆڵـەکانی ڕێژیـم ناکۆکی‌یـەکی نێوخۆیـی‌و نێودارشـتی‌یەو ئامانجەکەشـی پیـادەبوونی بۆچوونەکانیانـە لـە چوارچێـوەی فەلسەفەی وجوودیی کۆماری ئیسـلامی‌دا. لـە کاتێکدا خـەباتی گـەلی کـورد، خەباتێکـە بـۆ دێموکراسی‌و وەدەسـتهێنانی مافـە زەوتکـراوە نەتەوایەتی‌یەکانی کە لە نێوەرۆکی خۆی‌دا، هیچ پێوەندی‌یەکی بە مشتومڕەکانی نێـو قۆڵـەکانی کۆماری ئیسلامی‌یەوە نیە.

ئاغـای زەیدئابـادی لـە بەشـێکی دیکـەی قسەکانی خۆی‌دا دەڵێ: "توندوتیژی لە هـەردوو لاوە [ڕێکخراوە سیاسیی‌یەکانی کوردو کۆماری ئیسلامی] کراوە، واتە ئەو ناکۆکی‌یـەی کـە لـە سەرەتای [شـۆڕش]دا لـە کوردستان ڕووی داو بووە هۆی خوێنڕژانێکی ترسناك، پێ دەچێ لـە لایەن هەردوو لاوە ئەنگیزە بۆ خوێنڕشتن بووبێ‌و ناکرێ تەنیا لایەك بە تاوانبار بزانرێ."

ئێمـە لـەم ڕووەوە کـە ئاغـای زەیدئابـادی کردەوە جینایەتکارەکانی کۆماری ئیسلامی لـە کوردسـتاندا بـە "خوێنڕشـتنی ترسـناك" نـاو دەباو بە "تاوانبار"ی دەزانێ پێشوازی دەکەین، بەڵام مل بۆ ئەم وتەیە کە "لـە لایـەن هـەردوو لاوە ئەنگیزەی خوێنڕشتن بووەو ناکرێ یەك لا بە تاوانبار بزانرێ"، ڕاناکێشین. هەرچـەند کـە لـە بنەڕەتدا شەڕو خوێنڕشتن کارێکی شـیاو نیـە، بەڵام دەبێ پێش لە هەر داوەری‌یـەك بـە شـوێن ڕەگ‌و ڕیشـەکانی‌دا بگـەڕێین‌و بۆ دۆزینـەوەی هۆیـە سـەرەکی‌یەکان، دەبـێ پرسـیارێکی لـەم چەشنە بێنینـە گـۆڕێ کـە "بۆچـی خوێنڕشـتن دەستی پێ کرد؟" وەڵامەکەی سادەو بێ پێـچ‌و پەنایە. لایەك لە سەر ئەو بڕوایە بووو ئێسـتاش هەر لە سەر ئەو بڕوایەیە کە نەتەوەیەك بـەناوی نەتەوەی کورد لە ئێراندا بوونی هەیە کە مافـە نەتەوایەتی‌یـەکانی چ پێـش شـۆڕش‌و چ دوای شۆڕش پێشێل کـراوەو داوای دەسـتەبەر بوونـی مافە نەتەوایەتی‌یە ڕەواکانی خۆی دەکـا. بـەڵام لایەنەکەی دیکە لە بنەڕەتدا باوەڕی بـە مافـە نەتەوایەتی‌یەکانی کورد نیەو مەسەلەی ئوممەتی یەکپارچـەی ئیسـلامی! وەك سەرپۆشـێك بـۆ درێژەدان بە سیاسـەتە دژی گەلی‌یـەکانی خـۆی دێنێتە گۆڕێ. سروشـتی‌یە کـە ئـەم دوو هێڵـە هەرگیز وێك نەکەونەوەو بکەونە دژایەتی‌یـەکی جەوهـەری لەگـەڵ یـەکتردا. ئەگـەر ئاغـای زەیدئابادی باوەڕی هـەبێ کـە مەسـەلەیەك بـە نێوی "ستەمی میللی" دژی نەتەوەی کورد لـە کوردستانی ئـێراندا چ پێـش شـۆڕش‌و چ دوای شۆڕش بوونی هەبووە، ناتوانێ هەردوو لای ئـەم ناکۆکی‌یە بخاتە تای تەرازووەکەوە.

بۆ لاپەڕی ١٠

کوردستان

ژماره ٣٦١ (٢٩ی ڕەشەمەی ١٣٨١)

# لەبارەی لەقاودانەکانی ڕەفسەنجانیو خاتەمی لەمەڕ بەشداری‌نەکردنی خەڵك لە هەڵبژاردنی شووراکانی شارو دێدا

م. مەعرووفی

هاشیمی ڕەفسەنجانی سەرکۆماری پێشووی کۆماری ئیسلامیو سەرۆکی ئێستای کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندیی‌یەکانی نیزام لە قسەکانی نوێژی هەینی لە ڕۆژی ١٦ی ڕەشەمەدا بەڕاشکاوی هێرشی کردە سەر خاتەمی سەرکۆماری ڕێژیم. ئەو شێوە لێدوانەی ڕەفسەنجانی لە بەرامبەر سەرکۆماردا، تا ئێستا لە نێو کاربەدەستە پایەبەرزەکانی ئەو ڕێژیمە لە دژی یەکتردا وێنەی نەبووە، بەڵام ئەمجار ڕەفسەنجانی بە پێچەوانەی ڕابردوو کە بە کینایەو ئیماو ئیشارە لە دژی بەشێك لە کاربەدەستان دەدوا، بەڕاشکاویو بە دوور لە تێبینیو خۆپاراستن هێرشی کردە سەر "بەرپرسی ئیدارەو بەڕێوەبردنی وڵات"و ڕەخنەو گلەییو گازندەکانی ناوبراوی بە هۆی سەرەکیی بەشداری نەکردنی بێوێنەی خەڵك لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییانەی شووراکانی شارو دێدا زانی.

قسەکانی ڕەفسەنجانی لە وەڵامی قسەکانی خاتەمی‌دا بوون کە ڕۆژێك دوای بەڕێوەچوونی ئەم هەڵبژاردنانە، کاتێك دەرکەوت کە تەنیا ١٠ تا ١٥ لە سەدی ئەو کەسانەی کە لە تاران مافی دەنگدانیان هەبووە لەو هەڵبژاردنەدا بەشدار بوون، کردنی. خاتەمی گوتبووی: "لە نیزامی ئیسلامی‌دا دین گەورەترین زەبری وێ کەوت، لە نیزانی ئیسلامی‌دا ئازادی گەورەترین زەبری وێ کەوت، لە نیزامی ئیسلامی‌دا شکست لەو پەڕی خۆی دایە، لە نیزامی ئیسلامی‌دا دەسمایەکانی وڵات بە تاڵان بران، لە نیزامی ئیسلامی‌دا سەربەخۆیی ئێمە خەوشدار بوو، لە نیزامی ئیسلامی‌دا خراپترین سیاسەتی دەرەوەمان لە جیهاندا هەبووە، لە نیزامی ئیسلامی‌دا ئەخلاقو مەعنەوییەتو هەمووی ئەمانە لە نێو چوون. لە نیزامی ئیسلامی‌دا هەژاری، فەساد، ئیعتیاد ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە زیادبوون دان. ئەمانە بخەنە سەریەك، باشە ئەگەر مرۆڤ جەرگی بە قەد سێڵیش بێ، دەلەرزێ."

ڕەفسەنجانی لە قسەکانی نوێژی هەینی‌دا دانی بەو ڕاستیانەدا هێناو گوتی: "ڕەنگە ئەم قسانە ڕاست بن، بەڵام ئەو گلەییو گازندانە ئێستا دەستیان پێ نەکراوە، بەڵکوو لە ٢ی جۆزەردان ـ کاتی هەڵبژێرانی خاتەمی بە سەرکۆمار ـ ەوە دەستیان پێ کراوە." ناوبراو بەشداریی بەرینی خەڵکی لە هەڵبژاردنی ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ی بە دەسکەوتی سەردەمی سەرکۆماریی خۆی لە قەڵەم داو تاوانی بەشداری نەکردنی بێوێنەی خەڵکی لەم هەڵبژاردنەی دوایی‌دا خستە ئەستۆی خاتەمی کە بەم جۆرە دان پێدا هێنانانە بۆتە هۆی بەشداری نەکردنی خەڵك.

کورد وتەنی "چێشتەکە ئەوەندە سوێرە کابانیش پێی زانیوە". لەڕاستی‌دا قەیرانەکانی وڵات لە ژێر سێبەری ئەو ڕێژیمەدا ئەوەندە قووڵو پەرەگرتوو بوونو بێزاریو نەفرەتی خەڵك لەو ڕێژیمە ئەوەندە زۆر بووە کە کاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە ناتوانن وەك جاران حاشای لێ بکەنو هەر کام لە قۆڵەکان ئەوی دیکە تاوانبار دەکا. لەڕاستی‌دا کام قۆڵ زیاتر لە داڕشتنو بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی ئەو ڕێژیمەدا تەئسیری هەیە، ئەو قۆڵەش لە مەینەتبەشیو چارەڕەشی‌یەکانی خەڵکی وڵاتدا کە بۆتە هۆی نەفرەتو بێزاریی ئەوان لەو ڕێژیمە، زیاتر مەسئولە، بەڵام هیچ کام لە قۆڵەکانیش بێ‌تاوان نین.

بەشداریکردنو بەشداری‌نەکردنی خەڵك لە هەڵبژاردنەکاندا بەو جۆرە نیە کە ڕەفسەنجانیو باقیی کاربەدەستانی دیکەی ڕێژیم بۆی دەچنو لێکی دەدەنەوە. بە پێچەوانەی قسەکانی ڕەفسەنجانی بەشداریی چەندین میلیونیی خەڵکی ئێران لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ٢ی جۆزەردانی ٧٦دا بەر لەوەی کە لە تەئییدی ئەو ڕێژیمەو سیاسەتەکانی سەردەمی سەرکۆماری وی‌دا بێ، بۆ دژایەتی لەگەڵ واندا بوو. خەڵك ئامادە نەبوون دەنگ بدەن بە مۆرەیەکی "ناسراو"ی ئەم ڕێژیمە کە "ناطق نوری" بوو. هەر بە مەبەستی گوتنی "نا" بەو مۆرە "ناسراو"ەیەی ڕێژیم بوو کە دەنگیان دا بە مۆرەیەکی "نەناسراو" یان "کەم ناسراو" کە خاتەمی بوو. هەر ئەم مۆرە نەناسراوەش پاش ئەوەی لە لایەن خەڵکەوە ناسراو دەرکەوت دەسەڵاتو ئیرادەی وەدیهێنانی هیچ کام لەو قەولو بەڵێنانەی بە خەڵکی دابوون نیە، زیاتر لە ١٤ میلیون کەس کە هەقی دەنگدانیان هەبوو لە هەڵبژاردنی دەورەی دووهەمی ناوبراودا بەشدار نەبوونو ئەم جاریش زۆربەی زۆری خەڵك لە هەڵبژاردنی شووراکاندا کە ناوبراو زۆری بانگەشە بۆ دەکرد، بەشدار نەبوون.

ڕەفسەنجانی کە بەشداریی خەڵك لە هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ٢ی جۆزەردانی ٧٦دا بە دەسکەوتی سەردەمی سەرکۆماریی خۆی دەزانێ، هەر ئەو جەنابە لە هەڵبژاردنی شەشەمین دەورەی نوێنەرانی مەجلیس‌دا، بەو هیوایە کە دەچێتە مەجلیسو دەبێتە سەرۆکی ئەو مەجلیسە، بە حاڵە حاڵ دەنگی هێنایەوەو کەوتە دوای ٢٩ کەس لە ٣٠ نوێنەری تاران کە هیچ کامیان لە خزمەت بەو ڕێژیمەدا ناویان نەبوو، یان ناوبانگێکی ئەوتۆیان نەبوو.

هێرشی ڕەفسەنجانی بۆ سەر خاتەمیو بەرەی ٢ی جۆزەردان لە کاتێکدا ڕووی دا کە لە ئاکامی ئەو هەڵبژاردنەی دوایی‌دا دەرکەوت ئەو بەرەیەو شەخسی خاتەمی نێوەڕۆکو ماهییەتیان بۆ خەڵکی ڕوون بۆتەوەو دەرکەوت کە ئەو "ئیمامزادەیەش موعجیزەیەکی لەدەست نایە." هەر بۆیە ڕەفسەنجانیو پاوانخوازەکانی دی دەزانن کە ڕیفۆرمخوازانی نێو دەسەڵاتیش واتە قۆڵی ڕقەبەریان پێگەو پشتیوانیی نێو خەڵکیان بە تەواوی لە دەست داوە، کەوابوو دەکرێ تۆڵەی ڕقەبەرایەتیو دژایەتیی ئەو چەند ساڵەیان لێ بکەنەوە. هەر بۆیە وەك جاران بە پارێزو تێبینی‌یەوە لە بارەیاندا نادوێنو لە خۆڕا نیە ڕەفسەنجانی کە زیاتر لە هەر مۆرەیەکی پاوانخوازی دیکەی ئەو ڕێژیمە لە بەرامبەر قۆڵەکەی دیکەدا تووشی شکستو ناکامی بووە، ئەوجار لە کالان هاتە دەرو بە ئاشکرا هاتە مەیدانی شەڕ لەگەڵ قۆڵی بەرامبەری.

بە هەرحاڵ لەقاودانی قۆڵەکانو مۆرە ئەسڵی‌یەکانی ئەو ڕێژیمە لە یەکتر لەسەر ئەو هەمووە بەڵاو نەهامەتییانەی بەسەر خەڵکی وڵاتەکەمانیاندا هێناوە، نیشانەی شکستی ئەو ڕێژیمەو لەدەستدانی مەشرووعییەتەکەی لە لایەن خەڵکەوەیە. هەر کام لە قۆڵەکانی ڕێژیم تاوانی ئەو بەڵاو موسیبەتانە دەخاتە سەر شانی ئەوی دیکەو هیچ کامیان دان بە ڕۆڵو نەخشی خۆیان لەو پێوەندی‌یەدا نانێن. بەڵام کۆمەڵانی خەڵك هەم لە هەڵنەبژاردنی "ناطق نوری" یەکێك لە مۆرە ئەسڵیو ناسراوەکانی ئەم ڕێژیمە لە ٢ی جۆزەردانی ٧٦داو، پاشان بێ‌ئابڕووکردنی ڕەفسەنجانی لە هەڵبژاردنی شەشەمین دەورەی مەجلیسی شوورای ئیسلامی لە ساڵی ١٣٧٨داو هەم ئێستاش بە تەحریمکردنی هەڵبژاردنەکانی شووراکانی شارو دێ وەك یەکێك لە مکانیزمەکانی قۆڵی ڕیفۆرمخوازی نێو دەسەڵاتو شەخسی خاتەمی، نیشانیان دا کە ئەو ڕێژیمەیان بە هەموو قۆڵو دەستەو تاقمەکانی‌یەوە فڕێ داوەو ئامادە نین دەنگەکانیان بۆ هیچ مۆرەو قۆڵێکی ئەو ڕێژیمە خەسار بکەن.

بەشداری‌نەکردنی خەڵك لەو هەڵبژاردنەی دوایی پەیامێکی گرنگی لە پێشدا بۆ خودی ڕێژیم تێدا بوو کە ئەو ڕاستی‌یە بزانێ لە تەواوەتیی خۆیدا مەشرووعییەتی خۆی لەدەست داوە، پاشان بۆ خەڵکی خەباتگێڕو هێزە پێشکەوتنخوازو دێموکراتەکان تەئییدێکی بێوێنە بوو کە لە هیواو هۆمێدێکدا کە بە کۆمەڵانی خەڵکیان هەبووە، بەهەڵەدا نەچوونو تەئییدی هەقانییەتی خەباتە ڕەواکەیان بوو. سەرەنجام ئەم بیانوویەش ـ تا دۆزینەوەی بیانوویەکی دیکە ـ لە دەست هێندێك وڵاتی قازانجویستو ئەو هێزو لایەنانە هاتە دەر کە لە پێوەندیو ساتو سەودا لەگەڵ ئەو ڕێژیمەدا قۆڵی ڕیفۆرمخوازی نێو دەسەڵاتیان کردبووە بیانووو زیاد لە ئەندازە گەورەیان کردبۆوە. ئەم هەڵبژاردنە دەریخست کە قەزاوەتی دروستو واقیعی لە سەر ڕێژیم ئەوەیە کە کۆمەڵانی خەڵكو ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتو پێشکەوتنخوازی ئەم وڵاتە دەی‌کەن.

❊❊❊

---

# گەڵاڵەی خەڕازی، ڕیفراندۆم بۆ وڵاتی دراوسێ!

شلێر

ڕۆژی ١٣ی ڕەشەمەی ١٣٨١، خەڕازی وەزیری دەرەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، گەڵاڵەیەکی بۆ چارەسەریی ئاشتیانەی قەیرانی عێراق خستە بەر باس. لەم گەڵاڵەیەدا پێشنیار کرابوو کە بۆ دوورخستنەوەی عێراق لە ئەگەری شەڕو پێکهاتنی دەوڵەتی ئاشتیی نەتەوەیی، لەو وڵاتەدا ڕیفراندۆمێك لە ژێر چاوەدێریی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بەڕێوە بچێ.

بە دانی ئەم پێشنیارە تەنیا دوو لایەن وەڵامی پێشنیارەکەیان دایەوە. یەکەم شەمخانی وەزیری بەرگریی ڕێژیم کە گەڵاڵەکەی بە پێشنیارکردنی نووشابەخواردن بۆ کەسێك کە خەریکە دەخنکێ لە قەڵەم دا. دووهەمیش وەزارەتی دەرەوەی عێراق بوو کە ئەم پێشنیارەی بە دەستێوەردانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری نێوخۆی عێراق دانا.

بەهێند نەگرتنی پێشنیارەکەی خەڕازی لە لایەن کۆمەڵە سیاسی‌یەکانو دەوڵەتەکانەوە نیشانەی ئەوپەڕی بێ‌ئاگایی خەڕازی لە وەزعی نێونەتەوەییو قەیرانەکانی ناوچە بووو لاوازیی دەزگای دیپلۆماسیی ڕێژیمی نیشان دەدا.

پرسیارێك کە لێرەدا دێتە ئاراوە ئەوەیە کە ئاغای خەڕازی کە ئاوا پێشنیارێك بۆ وڵاتە دراوسێ‌کەی دەدا، ئایا قبووڵ دەکا ئاوەها ڕێفراندۆمێكو لە ژێر چاوەدێریی نێونەتەوەیی‌دا بۆ دیاریکردنی شێوە حکوومەتو دەسەڵاتدارەتی لە ئێراندا بەڕێوە بچێ؟

ماوەیەکە باسی ڕێفراندۆم لە ڕاگەیەنە گشتی‌یەکانو لە کۆڕو کۆمەڵە سیاسی‌یەکانی نێو ئێراندا ئەویش نەك بۆ گۆڕینی شێوەی حکوومەت، بەڵکوو بۆ هێندێ مەسەلەی نێوخۆیی هەروەك زۆر جار لە لایەن قۆڵی بەناو ڕێفورمخوازەوە هاتۆتە گۆڕێ، بە توندی ڕەت کراوەتەوە. ڕێفراندۆم یەکێك لە بەرچاوترینو ئاشکراترین پرنسیپەکانی دێموکراسی‌یە کە لەودا لەسەر شتێکی ئەساسیو گرنگو بەستراو بە چارەنووسی وڵاتەوە، پەنا دەبردرێتە بەر دەنگی ڕاستەوخۆی خەڵك. بەڵام ئەوەی کە ئێستا لە ئێراندا باسی لێ دەکرێو مەبەستی قۆڵی بەناو ڕیفورمخوازە، نەك ڕێفراندۆم لەسەر شتێکی گرنگو ئەساسی وەك شێوەی دەسەڵاتداری لە ئێران دایە، بەڵکوو پەنا بردنە بەر دەنگی خەڵکە لەسەر داخوازی‌یەکی بەرتەسکی ئەو قۆڵە کە ئەویش هەمیشە ڕەت کراوەتەوە.

خەڵکی ئێران لە هەڵبژاردنی شووراکانی شارو دێدا لە ٩ی ڕەشەمەی ئەمساڵدا بە زۆرینەی دەنگی خامۆشی خۆیان، بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، بە هەردوو قۆڵی نێو دەسەڵاتو قۆڵی سێهەمی دەرەوەی دەسەڵاتی کە بریتی‌یە لە "نهضت آزادی"و میللی مەزهەبی‌یەکانی نزیك بەوان، "نە"یان وت. ئەگەر تا ئەمڕۆ ڕێژیم بە زۆرو بە هەڵخەڵەتاندن خەڵکی دەهێنایە گۆڕەپانی دەنگدانەوە، خەڵك ئەمجارە بە نە ڕۆیشتنە سەر سندووق، بە کۆماری ئیسلامی‌یان وت کە باوەڕیان بە هیچ جۆرە گۆڕانکاری‌یەکی نێو ڕێژیم نەماوەو زۆر بە ڕوونی نیشانیان دا کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ مەشرووعییەتێکی بۆ دەسەڵاتدارەتی نەماوە.

❊❊❊

---

درێژەی وتاری:

## "سەرکوتی توندوتیژو بەرەنگاربوونەوەی ڕەوا"

بۆ ئەوەی حوکمێکی دادپەروەرانە لەم پێوەندی‌یەدا دەربکەین، بێگومان پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ڕابردووو بزانین کە ئایا هێزو ڕێکخراوە سیاسی‌یەکانی کورد هێرشیان کردە سەر شوێنەکانی دیکەی ئێران یان ئەوە هێزە نیزامی‌یەکانی کۆماری ئیسلامی بوون کە بە پشتبەستن بە فتوا بەدناوەکەی جیهادی خومەینی دژی خەڵکی کوردستان هێرشیان کردە سەر کوردستانو ویستو داخوازی‌یە سیاسی، مەدەنیو ڕەواکانی گەلی کوردیان بە ئاگرو ئاسن وەڵام دایەوە؟

ڕەنگە بتوانین بڵێین کە لەوانەیە ئەم وتانەی ئاغای زەیدئابادی تەعبیر لە بۆچوونی ڕاستەقینەی ئەو نەکەن، چونکە بە باشی هەلومەرجی ژیانی ڕۆژنامەڤانان لە نێوخۆی وڵاتدا دەرك دەکەینو دەزانین کە ئاغای زەیدئابادی ڕۆژنامەڤانێکی بوێرەو لە زۆر کاتو شوێن‌دا وتاو هەڤپەیڤینەکانی ئەو لە کۆڕە ڕۆژنامەڤانیو ڕووناکبیری‌یەکانی ئێراندا ڕێنوێن بوونو لەم ڕووەوە بە چاوی ڕێزەوە سەیری هەڵوێستو کارەکانی لەم چەند ساڵەی دوایی‌دا دەکرێ. بەڵام ئەو چاوەڕوانی‌یەی کە لە ڕۆژنامەڤانو ڕووناکبیرێکی وەك ئەو دەکرێ، ئەوەیە کە مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا وردتر بخوێنێتەوەو بە خەمساردی‌یەوە سەیری خەباتی نەتەوەیەکی ١٠ میلیۆنیی (کورد) لە کوردستانی ئێراندا نەکا. چونکە بەبێ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاوو عادیلانە بۆ مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێراندا، ناتوانین ئاسۆیەکی باشتر بۆ ئێرانی داهاتوو پێشبینی بکەین. داهاتووی ئێرانێکی ئاوەدانو ئازاد، تەنیا کاتێ مسۆگەر دەکرێ کە مافە نەتەوایەتی‌یەکانی هەموو گەلانی ئێران بە گەلی کوردیشەوە بەڕەسمی بناسرێن. ئەم مافە نەتەوایەتییانە مافگەلێکی ئینتیزاعی نین، بەڵکوو ڕاستی‌یەکی عەینیو بەرچاوو حاشاهەڵنەگرن کە لە گۆڕەپانی هاوکێشە سیاسی‌یەکانی ئێرانو ناوچەکەدا خۆیان سەلماندوە.

❊❊❊

### به بۆنەی ٨ی مارس رۆژی نێونەتەوەیی ژنانەوە،

## توندوتیژی لە دژی ژنان لە کۆبوونەوەیەکدا



به بۆنـــەی ٨ی مـــارس، رۆژی نێونەتـــەوەیی ژن، یەکیـــەتیی ژنانی دێموکرات پێشـــانگایەکی بۆ کاردەستی ژنان لە ژێـــر نـــاوی "ژنو گۆشـــەیەك لـــە هونـــەر"و پێشانگای نیگار لە ژێر ناوی "سروودی رەنگ" بۆ هونەرمەند ئەحمەدی سالحی کردەوە کە هـــەردوو پێشـــانگاکە مـــاوەی دوو رۆژ درێژەیـــان هـــەبووو ســـەدان کـــەس ســـــەردانی ئـــەم پێشانگایانەیان کرد.

هەر بە بۆنەی رۆژی ٨ی مارس، رۆژی نێونەتەوەیی ژنانـــەوە لە لایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتەوە، کۆبوونەوەیەکی بـــەرین لەسـەر دیاردەی توندوتیـژی دژی ژنـان بـۆ هـاوڕێ خەدیجـە مـەعزوور ئـەندامی جێگری کومیتـەی نـاوەندیو ئـەندامی هەیئەتی ئیجرایی یەکیەتیی ژنانی دێموکرات پێك هات.

لەم کۆبوونەوەیەدا هـاوڕێ خەدیجـە سـەرەتا پیرۆزبـایی ٨ی مارس، رۆژی نێونەتەوەیی ژنی لە ژنانی بەشدار لە کۆبوونەوەو ژنانی جیهانو ئێرانو کوردسـتان کـرد و باسـەکەی لـەپێوەندی لەگەڵ ئەم رۆژەدا بەم شـێوەیە پێشـکەش کـرد و گوتـی: "لـە کاتێکدا باسی توندوتیژی دەکەم کە تیکنولۆژی پێشـکەوتووە، فەرهەنگی مرۆڤەکان لە ئاستێکی بەرزدایە، مـافی بەرامبـەر لە نێوان ژنو پیاو لە کۆمەڵدا گرنگیی پێ دەدرێو نەزمو یاسا قسـەی یەکـەم دەکـا، ئیـدی بـۆ سـەرەتای ژیـانی مرۆڤـەکان ناگەڕێمەوە کە بۆ وەدەسـتهێنانی دەسـەڵات یـا بـۆ مانـەوەی خۆیان بۆ لە نێوبردنی هاوڕەگەزەکەیان توندوتیژییان نواندوە... توندوتیژی بەو کردەوەیە دەڵێن کە لەباری جیسمی، جینسـیو رەوانییەوە لە سەر مرۆڤ شـوێن دادەنـێو زەبـری لـێ دەدا. بەڵام باشترین پێناسە لە توندوتیژی کۆڕی گشـتیی رێکخـراوی نەتەوەیـەکگرتووەکان لـە سـاڵی ١٩٩٣دا لـە بەیاننامـەی "لابردنی توندوتیژی لە دژی ژنان"دا کردوویەتی، دەڵێ: "هەر جۆرە هەڵسوکەوتێکی توندوتیژ لەسەر بناغەی جینسییەت کە ببێتە هۆی زەبرلێدانی جینسیو جیسمیو رەوانیو ئەزییـەتو ئازاردانی ژنان، یان هـەر چەشـنە هەڕەشـەیەك بـە مەبەستی بەئەنجام گەیاندنی کردەوەی ناحەز کە ئاکامەکەی بە ناچـاریو بە دڵخواز ببێتە هۆی بێبەش بوون لە ئازادی لە کۆمەڵو ژیانی تایبەتیدا".

پاشان ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد کە دەڵێن توندوتیـژی لـە وڵاتە دواکەوتووەکانو لە لایـەن ئینسـانە نەخوێندەوارەکانـەوە بەڕێوە دەچێ. دیـاردەی توندوتیـژی لەسـەر ژنـان لـە گشـت وڵاتان بەتایبەت ئەو وڵاتانـەی کـە دێموکراسـی لـە هـەموو بوارێکدا نەهادینە نەکراوە، ئەنجام دەدرێو هەروەها توندوتیژی هەر لە لایەن کەسانی نەخوێندەوارەوە بەڕێوە ناچێ، بەڵکوو لە لایەن کەسانی خوێندەواریشەوە لە دژی ئـەفرادی خوێنـدەواری دیکە ئەنجام دەدرێ. بۆ ئـەو مەبەسـتە نموونـەی لـە هێندێـك وڵاتانی پێشـکەوتوو، بـە تایبـەت وڵاتـانی ئیسـکاندیناویدا هێناوە کە بە گوێرەی راپۆرتی رێکخراوی نەتەوەیـەکگرتووەکان ژنان لە بواری شاغڵبوونو پۆسـتە بەڕێوەبەرییـەکانی وڵاتو لە پارلماندا قسەی یەکەم دەکەن. بەڵام رۆژانـە لـەو وڵاتانـەدا دەیـان ژن دەکەونـە بـەر لێـدان. توندوتیـژی مەسـەلەیەکی جیهانییـەو بـە گوێـرەی ئامـاری سـندووقی جەمعییـەتی رێکخـراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە هەر ٣ ژن لە سەرانسەری دنیادا ژنێك لە لایـەن کەسـوکاریەوە لێـی دەدرێ. توندوتیژییـش بەشـێوەی جۆراوجـۆرو بـە نهێنیو ئاشکرا بەڕێوە دەچێ. ئاپارتایدی جینسی لە ماڵو لـە شـوێنی کاردا، بەشوودانی کچانی کەمتەمەن، سـەرکوتی ئـارەزووو ئاواتـەکانی منداڵ، دەستدرێژیکردنە سەر ژنانو منداڵان، کڕینو فرۆشتنی ژنـانو . . . هەموو نموونەگەلێك لە توندوتیژین."

ناوبراو لە درێژەی باسەکەیدا گوتی: توندوتیژی لە فەرهەنگی زاڵی پیاوسالارییەوە سەرچاوە دەگرێ. لە فەرهەنگی پیاوسالاریدا، پیاو بـە سەر هەر جموجـۆڵو هەڵسـوکەوتێکی ژندا زاڵـە. دیـارە بەداخـەوە لـە وڵاتانی دواکەتوو بەتایبـەت لـە وڵاتـی ئـێراندا بـە کوردستانیشـەوە، هێندێك لە ژنان سوننەتی خۆیان لەگەڵ ئەم فەرهەنگە تـەتبیق داوەو وا وێدەچێ پێیان خۆش نەبێ لەو فەرهەنگە دابڕێنو تەنانەت دیفاعیشـی لـێ دەکەنو توندوتیژییش بە کردەوەیەکی دروسـت ورەوا بـە نیسـبەت ژنەوە دەزانن.

وڵاتەکـەمان ئـێرانو نیشـتمانەکەمان کوردسـتان کۆمەڵگایـەکی پیاوسالارە. بە هاتنـە سـەرکاری کۆمـاری ئیسـلامی ئـەم فەرهەنگـە بەهێزتریش بووەو لـە نێـو دەزگـاو نیـهادە دەوڵەتییـەکانو کۆمـەڵدا ریشەی داکوتاوەو ژنان لە پۆستی بەڕێوەبەریدا نەخشی بەرچاویان نیـەو لە قـانوونی ئەساسـیدا جێگایـەکیان بـۆ لەبەرچاو نەگیراوەو قـانوون لـە بنـەڕەتڕا فەرهـەنگی پیاوسـالاری بـرەو پـێ دەدا. مادده قانوونییەکان لـەبارەی بەشـوودانی کچـان، حەزانـەت، تـەڵاق، مـیرات، شاهیدیدانو . . . هـەمووی بـە قـازانجی پیاوو بە زیانی ژنە.

ناوبراو پاش باسکردن لە فەرهـەنگی پیاوسـالاری ئامـاژەی بـەوە کـرد: تـا فەرهەنگی پیاوسالاری هەبێ، توندوتیـژی هەر هەیە، کە وایە نابێ ئەم فەرهەنگە بە سروشتی بزانینو لە بەرامبەریدا بێدەنگ بینو دژکردەوەمان لەئاستیدا نەبێ.

لە کۆتایی باسەکەدا هـاوڕێ خەدیجـە مـەعزوور بـۆ نەهێشـتنو تـا ڕادەیـەك بنەبڕکردنی دیاردەی توندوتیژی، ئاماژەی بە هێندێك رێگای بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم دیاردەیە کرد.

***



## کۆماری ئیسلامیو هێزی ئەتۆمی

کریم پرویزی

چـەند سـاڵە کۆمـاری ئیسـلامیی ئـێران ئیددیعاکـانی ئـەمریکا لـە پێوەنـدی لەگـەڵ هەوڵدانی ئەو ڕێژیمە بـۆ دەست پێڕاگەیشـتن بـە چـەکی نـاوەکی ڕەت دەکاتـەوە. ئـەمریکا هـەر جارەو بـە شـێوەیەك ئـەو ئیددیعایـەی دووپـات دەکاتەوە کە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ لـە ژێـر ناوی بەرهەمـهێنانی وزەی کارەبـاوە بـە هـۆی هێزی ناوەکییـەوە، چـەکی ئـەتۆمی بەرهـەم بێنێ، کۆماری ئیسلامییش وەکوو عادەتی خۆی بـەردەوام ئـەو ئیددیعایانـە ڕەت دەکاتـەوەو ڕادەگەیـەنێ کـە ئـەو تـەنیا مەبەسـتی ئاشتیخوازانەی لەو هەوڵانەی خۆی هەیە.

لەم ماوەیەدا کۆماری ئیسلامی تەنیا دانـی بە هێزگەی ئەتۆمیی بووشەهردا هێناوەو هەموو ئەو ئیددیعایانەی ئەمریکا کـە گۆیـا لـە چـەند شوێنیتردا بە نهێنی خەریکی دروستکردنی ئـاوا هێزگە گەلێکە تا چەکی ئەتۆمی دروست بکـا، ڕەت کردۆتەوە. لەم دوایانـەدا کـە ئـەمریکا بە بەڵگەوە ڕایگەیاند کۆماری ئیسلامی لـە چـەند شـوێنی وەك نەتـەنزو ئـەراك هێزگـەی ئەتۆمیی‌هەیە، ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی مەجبوور بوو کە دان بەوە دابنێو بڵـێ کـە لـەو شوێنانەشدا خەریکی دروست کردنی هێزگەیـە، بەڵام ئەویش هەر بۆ مەبەستی ئاشتیخوازانەیە!!

لـەم دوایانـەدا کـە پشـکێنەرانی سـەر بـە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی قەرار بـوو سەردانی ئێران بکەن، خاتەمی سەرۆك کۆمـاری ئیسـلامی بـۆ دەسپێشـخەریو بـۆ ئـەوەی کـە دۆزینەوەی ئەو شوێنانە لە لایەن پشـکێنەرانەوە نەبێتە خاڵێکیتر لە سـەر کۆمـاری ئیسـلامی، ڕایگەیاند کـە کـانی ئۆرانیۆمیـان دۆزیوەتـەوەو خەریکی دەرهێنانین.

بەڵام لێرەدا دوو شت جێگای سەرنجن، یەکەم ئەوەی کە ئایـا کۆمـاری ئیسـلامی لـەوەدا کـە دەڵێ لە هـێزی ئـەتۆمیی تـەنیا بـۆ مەبەسـتی ئاشـتیخوازانە کـەڵك وەردەگـرێ ڕاسـت دەکـا؟ دووەم، بۆچـی نـابێ کۆمـاری ئیسـلامی چـەکی ئەتۆمیی هەبێ؟

کۆماری ئیسـلامی فـەرمانڕەوایی وەڵاتێـك دەکا کـە لـە گـەورەترین سـەرچاوەکانی نـەوتو گازی دنیای تێدایەو ڕۆژانە نەوتو گـازێکی زۆر بـەدنیای دەرەوە دەفرۆشـێ. جیـا لەمـەش لـەم وڵاتەدا ئاوێکی زۆر هەیـەو چـەندین ڕووبـاری گەورەی پێدا دەڕوا. بەشێکی زۆری ئەم وڵاتـە پانوبەرینـە جێـی "بـا"ی بـەهێزە . . . .کـە هەموو ئەمانە دەکرێن بۆ بەرهەمهێنانی وزەی ئێلیکتریکی بەکار بێنو جیا لەمانەش ئاوو بـا دوو سەرچاوەی گرنگـن کـە بـەکار هێنانیـان، پاكو خاوێنی ژینگەش ڕادەگرێو ژینگـە تێـك نادا.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەمانـەو ئـەوەش کـە دروستکردنی هێزگەی ئەتۆمی هەم خەرجێکی زۆر هـەڵدەگرێ، هـەم پێویسـتی بـە کـاری شارەزایانی بیانی هەیە لـە هـەمان کـاتیشدا حەساسیەتی نێونەتەوەیی پێـك دێنـێ، ئەمـە دەمانگەیەنێتـە ئـەو ڕاستییە کـە کۆمـاری ئیسلامی ئەم هەوڵانە تەنیا بـۆ دروسـتکردنی چەکی ئەتۆمی دەدا.

ئەوەی کە دەمێنێتەوە ئەوەیە کە کۆمـاری ئیسلامی هەر وەك لـە کارنامـەی ٢٤ سـاڵەی خـۆیدا نیشـانی داوە، ڕێژیمێکـە بارهێنـەری ترۆریزم، دژی سوڵحو ئاشتی لە ناوچە، ڕێز لـە مافی مروڤو بڕیارە نێونەتەوەییەکان ناگرێو بە ڕاشکاوی پێشـێلیان دەکـا، ئاساییـە کـە دەست وێڕاگەیشتنی وەها ڕێژیمێـك بـە چـەکی ئەتۆمی، مەترسی خولقـاندنی زۆر کارەسـاتی گـەورەی لێدەکرێو بـەرگرتن بـە کۆمـاری ئیسلامی بـۆ دەسـت وێڕاگەیشـتن بـەم جـۆرە چەکانە لـە ڕاستیدا پێشگرتـن بـە ڕوودانـی کارەساتی گەورەی دژ بە مرۆڤایەتییە.

***

قەرزەکانی ئێران بـەدەرەوە لـە ڕەقـەمی ٢٣ میلیارد دۆلاردا ماوەتەوە. بـەپێی سێهەمین بەرنامەی ٥ ساڵەی گەشـەی وڵات، دەوڵـەت دەبوایـە لـە دابینکردنـی٧٦٠٠٠٠ هـەزار هەلی کار لە ساڵدا، بێکاری ڕابگـرێ. بـەڵام دەوڵەت لە ساڵی٨١ دا تەنانـەت بـە ٥٠٪ ئامانجـە دیـاری کراوەکانیشی نەگەیشـت. بیلانیی ئابووریی ئێران لە کۆتـایی سـاڵی ٨١ بەو شێوەیە بڵاو کراوەتەوە:

سێ میلیـۆنو پێنجسـەد هـەزار کـەس بێکار(بە پێی ئاماری ڕەسمی)، یەك میلیۆنو دووسـەد هـەزار بنەماڵـە نوقم لـە فشـاری ئـابووریدا، دوو میلیـۆنو پێنجسـەد هەزارکەس موعتادو ڕاکردنی مێشکەکانیش لە جێی خۆی.

ئـابووریی ئێران پێویسـتی بـە ١٠٠ میلیارد دۆلار سەرمایەگوزاری هەیە کـە بـە پێی هەلومەرجو وەزعییەتی نێوخۆی ئـێران، وڵاتانی دەرەوە ناتوانن سـەرمایەگوزارییەکی ئەوتۆ لە ئێراندا بکەن.

**هەڵبژاردنی شوورا ئیسلامییەکانی شارو دێ**

دووهـەمین دەورەی هـەڵبژاردنی شـوورا ئیسـلامییەکانی شـارودێ لـە رۆژی ٩ی ڕەشەمە لەگەڵ پێشوازی ساردو سڕی خـەڵك بـەرەوڕوو بـۆوە. ئاکـامی هەڵبژاردنـەکانی شوورا لە هەمان کاتدا کە هێڵێکی سـووری بە سەر پرۆسـەی بـە نـاو ڕیفۆرمخوازیی نێـو دەسەڵاتدارەتیی ڕێژیم دا کێشـا، تـەواوەتیی ڕێژیـی کۆمـاری ئیسلامیشی بـردە ژێـر پرسیارو لە ڕاستیدا"نا" یـەکی دیکـەی بـە دەسـەڵاتدارەتیی کۆمـاری ئیسـلامی لـە تەواوەتی خۆیدا بوو.

***

**درێژەی وتاری:**
**"ئێران لە ساڵێکدا کە رابرد"**

جیهاندا هەیە. بەڵام لە سـاڵی ١٣٨١ دا ڕێژەی بەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدام لـە لایـەن دەزگـای قـەزایی ڕێژیـمەوە گەیشـتۆتە ٢٥٠ کـەس. هـەر بۆیـە تـا ئێسـتا سـەردانەکانی خاویەرسـۆلانا سـەرۆکی سیاسـەتی دەرەوەی یەکیەتیی ئوروپا لە ٢٧ی گەلاوێژو سـەفەری خـاتوو ئیلاهـەهیکس، نوێنـەری ڕێکخـراوی مافی مرۆڤو لەم دواییانەش دا سەفەری لویی ژوانە نەیان توانیوە پەرەگرتنی پێوەندییەکانی ئـێران لەگـەڵ ڕۆژئاواو ئوروپـادا مسـۆگەر بکەن. کۆبوونەوەکانی یەکیەتیی ئورووپاش بـۆ دارشتنی پلانی هاوکاریو پێوەندیی بازرگانیو تیجاری بەهۆی لە بەرچاونەگرتنی مافی مرۆڤ لە لایەن کۆمـاری ئیسـلامییەوە، بـێ ئاکـام ماوەتەوە. بەرپرسـانی پایـە بـەرزی کۆشـکی سپی بەردەوام ئێرانیان وەك ناوەندی تـیرۆریزمو پشتیوانی لە تیرۆریزمی دەوڵەتی ناو بردوە. لە دوایین ریسوایی کۆماری ئیسلامی لـە ئاسـتی نێونەتەوەییدا، دادگوسـتەریی ئـارژانتین رۆژی شەممە ١٧ی ڕەشـەمە حکومـەتی ئیسـلامیی ئـێرانی وەك عـامیلی تەقینەوەکـەی بۆینـس ئایرس لە سـاڵی ١٩٩٤دا نـاو بـردو حوکمـی جەلبی عەلی فـەللاحیان(وەزیری ئیتلاعـاتی پێشوو)، عەلی ئەکبـەر پـەروەرش، موحسـین ڕەبانیو بەراتعەلی بالش ئابادیی دەرکرد.

**ئابووریی ئێران لە ساڵی رابردوودا**

لـە سـاڵی ١٣٨١ی هـەتاویدا سـەرەڕای ئـەوەی قیمـەتی بۆشکەیەك نـەوت بـەهۆی قەیرانی عێراقو ناوچەکەوە تا ٢٨ دۆلار بـەرز بۆوە، بەڵام دەوڵەت لەگەڵ کەسـریی بودجـەی ٨٧٠ ملیارد تمەنی بەرەو ڕوو بووو بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەو کەسری بودجەیەش ناچار بوو لە بودجەی ئاوەدانیو گەشەی وڵات کەم کاتـەوە.

**بۆ هاوکـاریـی زیاتـری هێزە دێموکـراتو پێشکەوتووەکانی ئێران تێبکۆشین**

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 361 20 Mar 2003

بۆ خوێندنەوەی چاپەمەنیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران‌و وەرگرتنی زانیاری لەبارەی حیزب،
براوننە ئەم ئادرەسانەی خوارەوە لەسەر ئینتێرنێت:

www.kurdistanmedia.com
e- mail:
kurdistanmedia@yahoo.com

http://www.pdk-iran.org
e- mail:
pdkiran@club-internet.fr





## رۆژژمێری تازەی "کوردستان"




لە بەرەبەری جێژی نەورۆزو هاتنی ساڵی ١٣٨٢ی هەتاوی‌دا، کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، رۆژژمێری ساڵی ١٣٨٢ی لە دوو سایزی دیواری‌و گیرفانی‌دا بڵاو کردەوە. رۆژژمێری دیواری کە لە دوو نوسخەی جیاوازدا ئامادە کراوە، یەکیان بە وێنەی شوێنەواری مێژوویی تەختی سلەیمان لە هەوشارو نوسخەکەی دیکە بە دیمەنێکی جوانی داوێنی هەیبەت سوڵتان (شاری کۆیە) رازاوەتەوە. رۆژژمێرە گیرفانی‌یەکانیش بە ئارم‌و وێنەی رێبەرانی شەهید نەخشێنراون. هیواداریـن بە زوویی رۆژژمێرە تازەکان بگەنە دەستی خوازیاران‌و ئۆگران.

## داخڵەیەکی بچووک، دڵێکی گەورە، هەستێکی پیرۆز

**بەر لە ماڵوایی**

"دەشێ کلیلێکی بچووك، سندووقێکی گەورە بکاتەوە"

رەسووڵ هەمزەتۆڤ، داغستانی من

ع.وریا

**"جوان"!"جوان"ی ژیرو ژیکەڵانە!**

بە چوار دەوری خۆم دا دەڕوانم، دەورووپشتم پڕی سووژەن، بەڵام تا تۆ هەبی، دەستم بۆ نووسینی هیچ سووژەیەکی‌تر ناچێ. من بەداخەوە تۆم نەدیوە، تەنانەت وێنەکەشتم نەدیوە تا بزانم چەندە جوانی. بەڵام لەو وێنە خەیاڵی‌یەت‌دا کە مێشکی من دروستی کردوە، ئەوەندە جوانی کە هاوتات نیە. تۆ منداڵی، تەنیا دە ساڵت تەمەنەو، منداڵان، بە بۆ چوونی من، هەر چۆنێك بن، هەر جوان‌و لە بەر دڵانن. چونکە نوێنگەو سەمبولی پاکی‌و پیرۆزین. بەڵام تۆ لەوەش بەولاوەتری.

**"جوان" گیان!** دوێنێ ئەگەر لە ژووری کاری دەستەی نووسەرانی"کوردستان" داخڵەکەتم نەدیبا، تۆم نەدەناسی. ئەگەر نەم پرسیبا ئەم داخڵەیە بۆ لێرەیە، پێیان نەدەگوتم لە سکرتاریاوە ناردوویانە. منیش ئەوەندەی دیکە بۆ بیستنی داستانی ناردنەکەی تامەزرۆ نەدەبووم‌و نەم دەزانی:

"لە مەهاباد، لە کانگای بیری ئازاد"، پار بەهارێ منداڵێکی ٩ ساڵە کە بانگەوازی یارمەتیی ماڵیی حیزب لە ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێرانەوە دەبیسێ، بڕیار دەدا داخڵەیەك بکڕێ‌و لە گیرفان پووڵی‌و خەرجی رۆژانەی خۆی، هەموو رۆژێ شتێك پاشەکەوت بکاو بیخاتە نێوی تا پڕ دەبێ، جا ئەوجا بیکا بە دیاری بۆ حیزب. **جوان گیان!** تۆ شەرتی خۆت بردە سەرو داخڵەکەت بە پڕی نارد. دیاری‌یەکەت ئەوەندە بە نرخ بوو کە کەسی یەکەمی حیزبەکەی تۆو حیزبی دایەو بابەو کاکەو دادەو پووری‌و خاڵەو مامەو سەدان هەزار منداڵی دیکەی وەك تۆ، بە شانازی‌یەوە تەحویلی وەربگری‌و لە سەر سەری خۆی دایبنێ.

**"جوان"ی جوانان!** ئەم داخڵەیە، داخڵە نەبوو، لە گڵ نەبوو، ئەوەی تێی‌دا بوو پووڵ نەبوو، ئەم دیاری‌یەی تۆ- هەروەك شکڵەکەشی وا هەڵکەوتوە- دڵ بوو، دڵێك پڕ لە خۆشەویستی، پڕلە خەون‌و خۆزیاو پەیام. من دەزانم بە سەدان هەزار منداڵی وەك تۆ، خۆشەویستیی ئەو مرۆڤە تێکۆشەرو ئازادیخوازانەیان لە دڵە بەڕواڵەت بچووکەکانیان‌دا هەڵگرتوە کە دەنگیان هەیەو ڕەنگیان نادیار؛ ناویان وێردی زاری یەکەیەکەی ئینسانە شەریف‌و نیشتمانپەروەرەکانی وڵاتی خۆیانەو وردو درشتی خەڵك ئەوانی دەوێ، بەڵام ژیان لە سەر خاکی وڵاتی خۆیان لێ قەدەغە کراوە.

ئەگەر پڕیسکەی خەون‌و خەیاڵ‌و خۆزگەو ئاواتەکانتان بکرێتەوە، ئەگەر"گۆران" گوتەنی دنیای دەروونی ئێوە "بکرێتەوە وەك تۆمار دەردەکەوێ دنیای جوانتر لە بەهار." ئێمە دەزانین ئێوە وشەیەك پیرۆزتر لە "ئازادی"، "رزگاریی کوردستان‌و کورد"، "قازی، قاسملوو، شەرەفکەندی"، "دێمۆکرات"و "پێشمەرگە" شك نابەن. ئێمە دەزانین ئێوە چ رق‌و نەفرەتێکتان لەو کەسانە لە دڵ گرتوە کە پاسەوان‌و پارێزگاری دیکتاتۆری‌و زۆرداری‌و ستەم‌و چەوسانەوەن‌و بە بەرچاوی ئێوەوە سووکایەتی بە دایك‌و باب‌و خوشك‌و براو مامۆستاکانتان‌و تەنانەت خۆتان دەکەن. ئێمە دەزانین ئێوە خەون بە چ رۆژێکەوە دەبینن، دەزانین لە کایەی رۆژانەی خۆشتان‌دا چلۆن خۆشەویستی‌و لە شکان نەهاتوویی دێموکرات‌و پێشمەرگە دەکەن بە سیناریۆی کایەکانتان، دەزانین بۆ قەڵسە گێڕان لە دوژمنان‌و نەیارانی گەلەکەتان - بۆ ئەوەی پێیان نیشان دەن ناتانەوێن‌و لێیان بێزارن - کە بەلایان‌دا رادەبرن چ دروشمێك دەدەن، چ سروودێك دەڵێن.

**"جوان"ی جوانانی کوردستان!**

ئێمەش بە خۆشەویستیی تۆوە دەژین. ئەو هەستە پیرۆزو ئەو جۆرە بیرکردنەوانەی تۆو منداڵانی ژیری وەك تۆیە کە دڵنیامان دەکا، زیاتر لە نیو سەدە خەباتی حیزبی دێمۆکرات‌و ئەو دەیان ساڵ تەمەنەی کە هەر یەك لە ئێمە لە شاخ‌و چیاو لە ئاوارەیی‌و دووریی ئێوە دا تێپەڕمان کردوە بە فیڕۆ نەچوون. ئەوەتا لەم کردەوەیەی تۆدا، ڕەگ‌و ڕیشە داکوتانی بیری ئازادیخوازی‌و حیزبدۆستی‌و پشتیوانی لە خەباتی ڕزگاریخوازانە لە نێو تازەترین نەمامەکانی کوردستانی هەمیشە گەش‌و سەر سەوزم‌دا دەبینم.


**"جوان" گیان!**

بەنوێنەرایەتی لەلایەن هەموو تێکۆشەرانی حیزبەکەمەوە، لەم ساتەدا کە بەرەوپیری نەورۆزو بەهارو ساڵێکی نوێ دەچین، لە جیاتی هەموو ئەو منداڵانەی هەستیان وەك تۆ پیرۆزو بیریان وەك بیری تۆ مەزنە، گۆناکانی تۆ ماچ دەکەم. بشم‌بوورە کە منی پێشمەرگەی گەل‌و نیشتمان لە سڵاوێکی گەرم‌وگوڕو قەدرزانی‌یەکی لە دڵەوەو ماچێکی باوکانە زیاتر، چیترم نیە کە بیکەم بە جێژنانەو پێشکێشتی کەم.

**هەموو رۆژێکت نەورۆز نەورۆزت پیرۆز**

## شەربەت گول، سەمبولی پەنابەری

**تەنیا لە شاری کابول ٤٠ هەزار بیوەژن‌و بیوە مێرد دەژین، بەڵام ژمارەی هەموو بیوەژن‌و بیوە مێردەکانی ئەو وڵاتە روون نیە.**



بۆ خۆی لەوپەری هەژاری‌دا لەگوندیك دەژی، تائیستا ٤ کچی بوون کە یەکیانی لە بەر مەمکان مرد.

چاوەکانی"شەربەت گول" لەو وینە بە ناوبانگەدا، دەردو کویرەوەری‌و هەر لەو کاتەدا، هێزو خۆراگری‌و جوانی، دەنوینن.

سەرچاوە: سایتی روشنگری

ئەم وینەیەی دەیبینن، هی "شەربەت گوڵ" (ژنیکی ئەفغانی)یە. "ستیومەك کۆری" وینەگرو هەوالنووسی گۆڤاری" ناشنال جیوگرافی" ساڵی١٩٨٤لە ئۆردووگایەکی پەنابەرانی ئەفغانی لە پاکستان ئەم وینەیەی گرت. ئەوکات "شەربەت گوڵ" کچیکی ١٣-١٢ سالە بوو. ئەم وینەیە چووە سەر بەرگی گۆڤاری"ناشنال جیوگرافی". گۆڤارەکە لەگەل ئەم وینەیەدا نووسی: شەربەت گوڵ سەمبولی پەنابەری". وینەکە دواتر چەندین جاری دیکە چاپ‌و بڵاو بۆوەو سەرنجی بە میلیۆن خەلکی جیهانی راکیشاو بوو بە سیمایەکی ناسراو بۆ دنیا.

ژانویەی سالی رابردوو،"ستیومەك کۆری" "شەربەت گولی دۆزیەوە. ئیستا ئیدی ببوو بە خاوەن میردو منداڵ. "شەربەت گوڵ" هەر ئاگاشی لەوە نەبوو کە وینەکەی بەمجۆرە چاپ‌و بڵاو بۆتەوەو کاتیکیش پییان گوت بە هۆی ئەم وینەیەتەوە، بەشیکی زۆر لە خەلکی دنیا دەتناسن، بەلایەوە گرنگ نەبوو.بەڵام هەرکە زانی وینەکەی بووە بە سەمبولی بایەخەکان‌و خۆراگریی خەلکی ئەفغانستان‌و سەرنجی بە میلیۆن مرۆڤی بۆلای بەدبەختی‌یەکانی خەلکی ئەو وڵاتە راکیشاوە، زۆری پێ خۆش بووو ئیجازەی‌دا جاریکی دیکە وینەی بگرن.

"شەربەت گوڵ" یەکەم چاوپیکەوتنی خۆی لەگەل ئەو هەوالنووسە وەبیر هاتەوەو گوتی: نیشان بەو نیشانەی ئەوێ رۆژێ لەچکەکەم بە پریشکی ئاگری چیشت لینان سووتاو چەند کونی تێ بوو!

"شەربەت گوڵ" کە وینەکەی زۆر کەسی کردوون بە خاوەن سەروەت‌و سامان،

## لە فەرمایشە تازەکانی حەسەنی!

حەسەنی، پیش نویژی خەلکی ورمی‌و نوینەری خامەنەیی، ریبەری ریژیم لەو شارە، کە بە بۆنەی قسە سەیروسەمەرەکانی و سەبارت بە رق‌و نەفرەتیکی کویرانە لە خەلکی کوردستان، ناوبانگی جیهانیی پەیدا کردوە، چەند حەوتوو لەمەوبەر لە خوتبەی نویژی هەینیی شاری ورمی‌دا، لەکەم هاتنی خەلك بۆ نویژ توورە بووو گوتی:"مزگەوت چۆلە! ئەمە چ وەزعیکە؟ بۆچی کەس نایەتە مزگەوت. ئەگەر وەزعەکە وا بڕواتە پیش، من ئیرە(ئەم مزگەوتە) بە کوردەکان دەفرۆشم تا لە جیاتی تالار بۆ بەریوەبردنی جیژنەکانی خۆیان کەلکی لی وەربگرن."

نەورۆز جیژنی بەهارە، جەژنی شادمانی‌و خۆشی‌یە، جەژنی بە هیواو بەئاوات بوونە، بۆیە دەبێ لەم رۆژەدا وەك سالەکانی پیشوو جەژن بکەین‌و ئاگری نەورۆز لەسەر لوتکە بەرزەکانی سەرانسەری کوردستان هەلکرێ. دەبێ بە ریژیمی خومەینی نیشان بدەین کە ئیستبدای رەشی ئاخوندی نەیتوانیوەو ناشتوانێ خەلکی زیندوو و دلشادو ئازادی کوردستان سەرکوت بکاو نەیتوانیوە ناشتوانێ شادی‌و خۆشی‌و کەلك وەرگرتن لە ژیانی بەختیاری لی بستینیتەوە. هەروا کە توانای پیشگیری لەهاتنی بەهاری نیە، ناشتوانێ کوردستان بکا بە ماتەمخانەو ریشەی جەژن‌و خۆشی لەم وڵاتە هەلکەنێ.

**لە پەیامی نەورۆزیی دوکتور قاسملووی نەمر بە بۆنەی نەورۆزی ١٣٦٣**

## مزگینی بۆ "تیشك" دۆستان




دوازدەیەمین ژمارەی گۆڤاری سیاسی، رۆشنبیری‌و گشتیی"تیشك" لە چاپیکی جوان‌دا، چاپ‌و بڵاو بۆوە.

لە ژمارە ١٢ی تیشك دا ئەم بابەتانە سەرنج رادەکیشن: *وتەی ژمارە * کوردو کۆدەتایەك (کۆدەتای سالی ١٢٩٩ی رەزاخان) * حیزبی سۆسیالیستی کوردستان‌و پرسینی کورد لە تورکیە * ستراتیژیی نویی ئەمریکا (بەشی‌یەکەم) * چەند فاکتەریکی پیوەندیدار بە کیشەی کورد * ترسان لە ئیستا * میلیتاریزم.

بە بۆنەی دەرچوونی ژمارەی تازەی "تیشك"ەوە، ماندوونەبوونی لە هاورییانی کۆمیسیۆنی لیکۆلینەوەو فیرکردنی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران‌و پیرۆزبایی لە ئۆگران‌و خوینەرانی ئەو گۆڤارە دەکەین.

## ویبلاگ نووسی لە ئیراندا
## ریگایەك بۆ بیزاری دەربرین لە دەسەڵاتداران

لەگەڵ پەرەگرتنی رایەلکەی ئینتیرنیت‌و زۆربوونی کافی‌نیت لە ئیران، ژمارەیەکی زۆر لە کوران‌و کچانی لاوی ئیران، روویان کردۆتە ئینتیرنیت. ویبلاگ نووسی‌و دەربرینی ئاوات‌و ئارەزووەکان لەو ریگایەوە بووە بە یەکیك لە سەرگەرمی‌یەکانی ئەمرۆی لاوانی ئیران. ئەوان بە کەلك وەرگرتن لە هۆش‌و زیرەکیی خۆیان‌و ئەو هەمووە سووژەیەی کە ژیان لە سیبەری دەسەڵاتدارانی ریاکاری کۆماری ئیسلامی‌دا پیی بەخشیون، هیندیك جار ئیبتکاری سەرنج راکیش لە خۆیان نیشان دەدەن.

ئەو وینەیەی دیبینن یەکیك لەو بەرهەمانەی



ئەوانە. جەنابی وەلی فەقیە لەگەڵ کچیك‌دا خەریکی رازو نیازی عاشقانەیە. دیارە ئەم وینەیە مونتاژ کراوە. بەڵام هەر لەو کاتەش‌دا نیشان دەدا کە لاوانی ئیران ئاگایان لە ریاکاری‌و دوو روویی دەسەڵاتدارانی وڵات هەیەو دەزانن کە هەر کاریکی بۆ خەلکی بە تاوان‌و گوناهی دەزانن، بۆ خۆیان، دوور لە چاوی خەلك، خۆی لی نابوێرن. دیارە تەمەنی خامەنەیی لەوە دەرچووە دلداری لەگەڵ کچان بکا، ئەو هەر فریای تریاك کیشانەکەی دەکەوێ‌و ئەم جۆرە رابواردنانەی بۆ فەلاحیان هیشتۆتەوە. بروانە نووسینەکانی ئاغای عەلیرەزا نووری‌زادە لەبارەی سکاندالە سیکسی‌یەکانی ئەو جینایەتکارە تا بزانن بەو عەمامەو ریش‌و پەشمەوە، چی نەکردوە!